لەچاپکراوەکانی
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق

# خۆسوتاندن..
# تێڕوانینو چارەسەر

پەرلەمانتار
ڤیـــان دزەیـــی

2008





1. شذرات من واقع المرأة الكوردستانية (1992– 2004) كوردستان –العراق انموذجاً. المحامي طارق جامباز ونهلة محمد سعدالله، 2006 ،ط 5.

2. BITS FROM THE REALITY OF KURDISTAN WOMEN, (1992- 2004) IRAQI KURDISTAN AS AN EXAMPLE/ Tariq Jambaz & Nahla Mohammed
2ط .IRAQI KURDISTAN NATIONAL ASSEMBLY MPS

3. خۆسوتاندن تێڕوانینو چارەسەر. ڤیان دزەیی، 2008.

**ثالثاً: لجنة حقوق الانسان:-**

1- العدالة الانتقالية: اعداد وتقديم محمد فرج، 2006.

**رابعاً: لجنة البلديات والنقل والمواصلات**

1- اماكن العبادة المدمرة للمسلمين والمسيحين والايزيدين لفترة ماقبل عمليات الانفال السيئة الصيت (1988) وامتداداً لما بعد في كوردستان– العراق. المحامي/ طارق جامباز، 2006.

**خامساً: لجنة الصحة والشؤون الاجتماعية:**

1- مرض التلاسيما في كوردستان، (طبع باللغتين العربية والكوردية) د. هالة سهيل 2008.

**سادساً: لجنة التربية والتعليم العالي:**

1- التربية والتعليم في بعض الدول الفيدرالية، (طبع باللغتين العربية والكوردية) دكتورة رۆژان دزەیی 2008

**سابعاً: لجنة الاوقاف والشؤون الدينية:**

1- علماء الكورد ودورهم في نشر الاسلام في اندنوسيا، مارتن فان بروسن، ترجمة الدكتور ملاخالد الماليزي 2007.

# خۆسوتاندن..
# تیڕوانینو چارەسەر

ڤیـــــان دزەیـــــی
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

چاپی یەکەم 2007
تیراژ: 1000 دانە
بەرگ: هاوکار

چاپخانەی شەهاب

هەولێر- 2008





13. یاسای وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان (قانون الاستثمار في اقليم كوردستان– العراق) 2006. (طبع باللغتين الكوردية والعربية).
14. دەستووری نیکاراگوا (1987)، وەرگێڕانی محمد کاکەیی.
15. دەستووری سیاسی کۆماری ڤەنزەویلا (1971)، وەرگێڕانی محمد کاکەیی.
16. دەستووری ئوستراليا (1900)، وەرگێڕانی سامی محی الدين شيخو.
17. دستور ولاية كاليفورنيا لسنة (1848)، ترجمة الحاكم عبدالكريم هموند.
18. قانون مكافحة الارهاب (2006). (طبع باللغتين الكوردية والعربية).
19. قانون اللغات الرسمية في كندا، ترجمة الحاكم عبدالكريم هموند.
20. یاسای بنەڕەتی کاتالونیا، وەرگێڕانی محمد کاکەیی.
21. مقتطفات من النظام الداخلي للمجلس النيابي الالماني. ترجمة الحاكم عبدالكريم هموند.
22. قانون السلطة القضائية للاقليم كوردستان (قانون رقم 23 لسنه 2007). (طبع باللغتين الكوردية والعربية).
23. قوانين، الخدمة والتقاعد البيشمەرگە (حرس اقليم كوردستان- العراق) رقم (28) لسنه 2007. (طبع باللغتين الكوردية والعربية).
تكريم پێشمەرگە رقم (33) لسنه 2007. (طبع باللغتين الكوردية والعربية).
تقاعد معوقي الپێشمەرگە رقم (34) لسنه 2007. (باللغتين الكوردية والعربية).
24. القوانين الخاصة بالشهداء والمؤنفلين والمفقودين في اقليم كوردستان، 2008. (طبع باللغتين الكوردية والعربية).
25. القوانين الخاصة بوزارة الزراعة في اقليم كوردستان، بلغتين كوردية والعربية، 2008. (باللغتين الكوردية والعربية).
26. احكام ومواد القوانين والقرارات المتعلقة بالاحوال الشخصية النافذة في اقليم كوردستان– العراق.

**<u>ثانياً: لجنة الدفاع عن حقوق المرأة:-</u>**

# پێشکەشە:
# بەو خانمانەی
# کەبێ تاوان جەستەیان بوو بەخۆڵەمێش..






12. **OIL & GAS LAW OF THE KURDISTAN REGION- IRAQ LAW NO (22)- 2007**
13. **LAW OF THE INVESTEMENT IN KURDISTAN REGION- IRAQ**
14. KERKÜK'TE KÜRT VE TÜRKMEN SOYKIRIMI(KİMLİK DEĞİŞTİRME) 2009.
15. **Ethnic C;eansing (Kurds and Turkans) Forced to Change their national identities in Kirkuk Translated from Arabc by: Matli D. khammd, sami M. sheiko. 2009**

**أولاً: لجنة الشؤون القانونية:-**

1. دەستووری ئیسپانی **1978**، وەرگێڕانی محمد کاکەیی.
2. **دستور اتحاد بوسنيا هرزو كوفينيا لعام 1994، ترجمة الحاكم عبدالكريم هموند.**
3. **دستور جمهورية جنوب افريقيا لعام 1996، ترجمة الحاكم عبدالكريم هموند.**
4. **القانون الاساسي لجمهورية المانيا الاتحادية 1949 وتعديلات لغاية 2002.**
5. **دستور اتحاد جزر القمر لعام 2003.**
6. **دستور الامارات العربية المتحدة لعام 1971.**
7. **مكافحة الفساد (من اين لك هذا؟).**
8. **چەند وێستگەیەك لە نووسینەوەی دەستووری فیدراڵی عێراقدا.**
9. **الحالة الخاصة لاقليم سيسيليا (الصقلية) احد اقاليم الجمهورية الايطالية مع متن الدستور الايطالي.**
10. دەستووری مەکسیك (**1917**)، وەرگێڕانی محمد کاکەیی.
11. **دستور الهند 1949 وتعديلاته لغاية 1995، ترجمة الحاكم عبدالكريم هموند.**
12. **خودموختاری هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لە چین (2006)، وەرگێڕانی مەجید ئاسنگەر.**

## ووتەیەك:

"لە ناخدا گەوهەری چاكە هەیە،هەمیشە خاوەنی ئیرادەیە"

لە ژیانی هەموو كەسدا (گەوهەری چاكەی) تێدا بەدی دەكرێت كە پێی دەڵێن(ئیرادە ویست) بۆ ئەوەی ژیانێكی گونجاو و سادە بژیت دەبێت فەلسەفەی ژیانت ئەوە بێت(هاوكاری كردن لەگەڵ خەڵك و كۆمەڵگادا).

ئەم نامیلكەیەی كە لە بەر دەستتدایە، تا ڕادەیەك سادە دێتە بەر چاو،بەلاّم لە ناوەڕۆكدا كارێكی ووردبینی و زۆری پێوە دیارە.ئەمە دەرهاویشتەو هەوڵ و تەقەلاّیەكی زیاتر لە ساڵێكمەوە لە ئەنجامی سەردانەكەم بۆ بنكەی فریاكەتنی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژی بەرامبەر ئافرەتان و ژنان هەروەها لە چاو پێكەتن و بەدوا داچوندا،من زیاتر باسم لە هۆكارەكان كردووە لەگەڵ چارەسەریەكان.

هۆكارەكان ئەوەی لە ڕەوشی كۆمەڵگای كوردەواری نزیكە، وە چارەسەریەكانیش ئەوەی گونجان و شایستە و ماقووڵە ئاماژەم پێكردووە.

من لێرە نەچوومە سەرناو و ناونیشانی سووتاوەكان قوربانیەكان، بەلاّم زایاتر جەختم لەسەر رەوشەكە كردوە بە هۆكارو چارەسەرییەكانیەوە، هەروەها هەندێك زانیاری لەسەر ڕێكەتنامەو پەیماننامەو نێودەوڵەتیەكان بۆ ئەوەی تاكی كورد بە ژن و پیاو زانیاری هەبێت لەسەر ئەم بابەتە دووبارە ئەم نامیلكەیە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەو گروپ و لایەنانەی كە دەیانەوێ زیاتر لە ڕەوشەكە تێبگەن،تا بە هەموو لایەك چارەسەرییەك، یارمەتیەك، پاڵ پشتێك ئەگەر بە ووشەیەكیش بێت پێشنیازی بكەن، جێگای سوپاس و پێزانینە.

دووبارە داوای لێبوردن دەكەم لە هەر كەم و كورتیەك و هەڵەیەك و ماندوو بونەكەم بە هەند وەربگرن.

لەگەڵ سوپاس و ڕێزمدا





## لەچاپكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان– عێراق

1. پەرلەمانتارانی خولی یەكەمی پەرلەمانی كوردستان- العراق (1992-2005)، پارێزەر/ طارق جامبازو نیعمەت عبدالله 2008.
2. پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستان- العراق (2005-2009)، پارێزەر/ طارق جامباز، 2007.
3. كوردستان العراق وجنوب السودان من الحكم الذاتي الى الفيدرالية (دراسة قانونية مقارنة) المحامي طارق جامبازو دكتورة رۆژان دزەیی 2008.
4. سستەمی فیدراڵی لە چەند وڵاتێكی جیهانیدا 2005
   وەرگێڕانی/ مەجید ئاسنگەر،2008.
5. ئەندامە كوردەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە رۆژگاری پاشایەتیدا (1925- 1958) ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر، 2007.
6. (بۆندسرات) ئەنجومەنی فیدڕاڵی كۆماری ئەلمانیای فیدڕاڵ،
   وەرگێڕانی/ مەجید ئاسنگەر، 2009.
7. پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كۆماری سربیا.
   وەرگێڕانی ڤیان دزەیی ، 2006.
8. التطهیر العرقي (تغییر القومیة) للكورد والتركمان في كركوك،
   المحامي طارق جامباز، ط6، 2008.
9. ضحایا عملیات الانفال (1988) من المسحیین والایزیدیین،
   المحامي/ طارق جامباز، 2008.
10. مشروع دستور اقلیم كوردستان– العراق، اعداد لجنة اعادة النظر في مشروع دستور اقلیم كوردستان– العراق، 2006. (طبع باللغتین العربیة والكوردیة). 2009.
11. ABRIEF ON KURDISTAN NATIONAL ASSEMBLY- IRAQ

9_ڕاپۆرتی کۆنگرەی جیهان چوارەم لەبارەی ژنانەوە، پەکین ئەیلوك 4-15/9/1995.

10_بڕیاری پەرلەمان ئەوروپی لە بارەی بەدواداچونی کۆنگرە چوارەمی جیهانی ژنان (پەکین+10) 1995+10=2005/لە10-3/2005 دا.

11_ ڕێکخراوی ئاگاداری نێودەوڵەتی و ژنانی بەرپاکەری ئاشتی بە هاوبەش. ساڵی 2004

12_گۆڤاری سایك: گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری دەروونییە وەزارەتی تەندروستی دەریدەکات.

13_ڕۆژنامەی ژیانەوە : هەفتەنامەیەکی کۆمەڵایەتی ڕووناکبیری/یەکێتی ژنان کوردستان دەریدەکات.

14_ ڕۆژنامەی ڕێوار: هەفتەنامەیەکی ڕوناکبیری سەربەخۆیە/سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان دەریدەکات.





# دیاردەی خۆسوتاندن

## پێشەکی

قوربانیەکانی هەوڵدانی خۆکوشتن لە پیاو ژنانە، بەلاّم زیاتر دەمەوێ باس لە خۆکوشتنی ژنان بکەم بەشێوەی سووتان و خۆسوتاندن. ژن وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەدا بوونی زۆر لە گیرو گرفت و لێپرسراویەتی قورس رووبەرووی راستیەك بووینەوە کە بە ئاستێکی ترسناکی گەیاندووە ئەویش خۆکوشتنی ژنانە بە شێوەی (خۆسوتاندن).

ئەم رەوشە لەم سالاّنەی دواییدا و بەتایبەتیش لە دوای ساڵی 2000 ژنانی کوردی بە خۆیەوە گیرۆدە کردووە و توشی قەیرانی کردوون، بەلاّم بەداخەوە لەگەڵ زیادبوون و تەشەنە کردنی ئەم دیاردەیە، رێگە چارەی گونجاوی بۆ نەدۆزاراوەتەوە و کەسێکیش خۆی بە بەرپرس نازانێت.

ئەوەی گرنگە لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە، بۆچی ژنان و کچان پەنادەبەنە بەرخۆسوتاندن کە بە ئازارترین و ترسناکترین جۆری خۆکوشتنە؟ ئەگەر وەلاّمی ئەم پرسیارە بدەینەوە، دەبێت پێشێلکردنی ماف و ئازادیە سروشتیەکانیەنی کە بەلایەنی کەمەوە دەبێت ببەخشرێت بە مرۆڤ کە لە زۆر شوێندا ئافرەتی ئێمەی لێ بێبەشکراوە، لەسەرێکی تریشەوە رەنگە پەیوەندی بەنزمی ئاستی رۆشنبیری و نەبوونی ئیرادەی ئەو کەسەوە هەبێت کەپەنادەباتە بەرئەم دیاردەیە، یان پەرتەوازەبوون و پچڕانی

شیرازەی خێزان هاوکات لەگەڵ نەبوونی کەسانی دڵسۆز و یارمەتیدەر، بێبەشبوون، لە سۆز و خۆشەویستی لە فاکتەرەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤە بۆ پەنابردنە بەر ئەم دیاردەیانە، زۆرجار سەرکۆنە کردن و بەرکارهێنانی توندوتیژی و چەوساندنەوە، بیرکردنەوەی مرۆڤ بەرەولای ئەم دیاردەیە دەبات، هەندێك جاریش ژنان لە بێدەسەڵاتی خۆیان پەنادەبەنە بەرئەم دیاردەیە و پێیان وایە ئەمە چارەسەرە و لەم رێگەیەوە رزگاریان دەبێت، کە ئێمە تەواو پێچەوانەی ئەم (بڕوایەن)، چونکە ئەگەر لە گۆشەیەکی ترەوە تەماشای ئەم دیاردەیە بکەین دەبینین ئەوانەی کە خۆیان سوتاندووەو لە ژیاندا ماون نەمردوون وێڕای ئەوەی بۆ خۆیان رووبەڕووی چەندین گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە و لە ڕووی تەندروستیشەوە بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت بگەڕێندرێنەوە باری ئاساییان و ناتوانرێت جوانکاریان بۆ ئەنجام بدرێت، لە هەمان کاتدا دەبنە کێشە بۆ خێزان و کەس و کارو کۆمەڵگاش، بەوەی هەموو کات و ساتێك رووبەڕووی ئەو راستیە تاڵە دەبنەوە کە ژیان بۆ ئەو مانایەکی نەماوە و دەستەودەستان لە پێش چارەنووسی رەشیان هیچیان پێناکرێت و هەموو چرکە ساتێکی ژیانیش مردنە بۆیان.

زۆر لەسەر ئەم بابەتە باس کراوە و نووسراوە من خودی خۆم زیاتر لە دوو سێ شوێن باسم کردووەو لە سەریشم نووسیوەکە هۆکارەکانی زۆرن ، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم دوو خاڵی گرنگە:

1_ تێگەیشتن لە پێگەو ئاست و بەهای ژن، بە بۆچوونی من بەرنامەی کۆمەڵایەتیمان لە ئاستی ژن کەم دەکاتەوە بێ سەنگی دەکا ، کەس گوێ لە ڕاو بۆچوون و پێشنیارەکانی ڕاناگرێ،بەبەردەوام قسەی ڕەق و بریندار کردنی هەست و بە خۆ داشکاندنەوەی ،هەڵسوکەوتی نابەجێ،ئەمانە هەمووی وای





## سەرچاوەکان

1_ ڕەوشی مێینە لە کوردستان ⁄ سۆران قادر کۆستە ⁄بەرگی یەکەم.
تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی سیاسی ئابوورییە سەبارەت بە ڕەگەزی مێ بەشێوەیەکی مەیدانی و تیۆری لە ماوەی 2⁄9⁄2002 تا 2⁄11⁄2002 لە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان ئەنجام دراوە.
2_ئافرەتی چەوساوەی کوردو ئایندەیەکی تاریك⁄ چینور محمد ⁄IWPR
3_تیرۆری شاراوە:توێژینەوەیەکی سیسۆلۆجیە لەسەر دیاردەی خۆسوتاندنی ژنان لە پارێزگای سلێمانیدا(هێمن باقر عەبدول).
4_قوربانیانی نامووس پەرستی⁄ ساکار ئەحمەد.
5_پڕۆژەی پێشنیار کراو دەربارەی چۆنیەتی ڕووبەڕوو بونەوەی خۆسوتاندنی ئافرەتان ⁄فاچل عمر رشید (توێژەری کۆمەڵایەتی)
6_بڕیارو ڕاسپاردەکانی ڕۆڵی کۆمەڵگای لە ڕێگرتن لە کوشتنی ژنان بە بیانوی شەڕەف.(ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) لیژنەی ژنان 2007
7_CEDAW سیداو: پەیماننامەی لە ناو بردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان.

Convention of all Elimination of all forms of Discrimination against women.
8_:iwraw ڕێکخراوی نێو نەتەوەییەکان بۆچاودێری کردن مافەکانی ژن.

International Womens Rights Action Watch

و وامان لێ دەکات نەخشە بۆ کاروباری داهاتوومان دابنێین و هەنگاوی بۆ بنێین.

ئامادەکردن و نووسینی

پەرلەمانتار/ڤیان دزەیی





لێ دەکات تووشی (نەخۆشی دەروونی و خەمۆکی) ببێت و لە ئەنجامدا بەم ئاقارەی دەبات کە (خۆسووتاندنە) ،بە پێی ئەو ئامارانەی بەردەستمان کەوتوە بەگشتی تەمەنیان لە نێوان (15-35) ساڵە ئەمەمانای ئەوەیە کە توێژێکی گەنج تووشی ئەم پەتایە بوون.من لێرەدا ناوی دەنێم(پەتا) چونکە ئەگەر سنورێك یان بەرنامەو پلان بۆ کەم کردنەوەی ئەم دیاردەیە دانە ڕێژەین، ئەمە زۆر لەو نەخۆشیە مەترسیدارانەی کە خەڵکی بە دەستیەوە دەناڵێنن ترسناك تر دەبێت.

2_ ئەگەر تێبینی ئامارو هۆکارو توێژینەوەکانی ئەم دیاردەیە بکەین دەبینین هەموو ئەندامانی خێزان لەم خۆکوشتنە بەشدارن ، بۆ نموونە: زۆرێك یان هەندێك لەم کێشانە خێزان لێ بەرپرسیارە وەکو گیرو گرفتی و ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی خێزانەکە لەوانەیە زۆر ساکارو بچوکیش بێت ، یان لەوانەیە تاکێکی ئەم خێزانە تووشی لادانێك یان سەرزەنیشتێك بوە یان هەندێك جار گیروگرفتی مادی سادەی تووش بێت یان کێشەیەك لە ئیش و کاری قوتابخانەکەی ئەمانەو زۆری تریش کە لە ژیانی ڕۆژانەمان ڕووبەڕوودەبێتەوە ، بەڵام چونکە لێ پرسراویەتی نیەو ئاستی هۆشیاری کەمە، ئاستی ڕەوشنبیری خوێندەواری هەرنیە ،نەبوونی زمانی گفتوگۆ دیالۆکی لە نێوان ئەندامانی خێزانەکە ،بەمە کێشەکە گەورە دەکرێت و سەرکۆنە کردنیان لە ئاکامدا شتی گەورەی لێ دەبتەوە کە وایان لێ دەکات پەنا بەرنە بەر ترسناکترین شێوەی خۆکوشتن ئەویش خۆسووتاندنە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەم سەردانەم بکەم:پاش چوار جار سەردانی بنکەی ئێمرجنسی هەولێرم کرد، چاوم بە سووتاوەکان کەوت لە ژن و پیاو، بەڵام ژمارەی ژن زۆر زۆر تربوون لە پیاو بەوەی لەگەڵیان دانیشتم ڕووبەڕوو

و راستەوخۆ قسەم لەگەڵ کردن پاش ئەوەی متمانەی منیان وەرگرت و لێم دڵنیابوون کە هیچ ئامانجێکم نییە تەنها کە وەرگرتنی زانیاری راست و دروستە بۆ ئامادە کردنی ئەم نامیلکەیە کە بەڵکو سوودێکی کەمیشی هەبێت ئەگەر بێت و یەك حالەت لە ساڵێك یان لە (6) مانگدا کەم بکاتەوە مانای ئیش کراوە کاردانەوە هەبووە. بەبێ ئاماژە کردنی بە هیچ ناوێك ئەوەم بۆ دەرکەوت کە چیرۆکی ئەو ژنانەی کە خۆیان دەسوتێنن ئازاریان زۆر قوڵەو سەختە وە چیرۆکی سەروسەربردەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەنە ژێر خاك، وە وردە وردە لە دوایی ماوەیەکدا لە بیردەکرێن. من لێرە کە ئەم کیسانەم لە نزیکەوە دیت هەستم بە ئێش و ئازارو مەرگەساتیان کردو گەیشتمە ئەو بڕوایەی بە قسەی ئەم ژنانە ئەوەندە فشارو پاڵەپستۆی ژیان و لێپرسراوتیان لەسەرە بۆیە خۆی بەم ئاراستەو چارەنووسە دەبات، نەك بێ دەسەڵاتە، ئەو پێی وایە ئەوەندە ئیهانەی کەرامتی دەکەن، هیچ دەرفەتەێکی نەبوە، ئەمە (تفسیری)ە دەربڕینە لە بێزارەکەی و هەر بۆیە خۆی بە ئازارترین شێوە لە ناودەبات ئەمەش بە(خۆسووتاندن). یان لە ئەنجامی تووڕەیی لە کەسی بەرامبەری کە نەتوانی دەستی بگاتێ لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەو تووڕەییەی خۆی دەخواتەوەو ئاراستەی خۆی دەبێتەوە بە کوشتن و سووتاندنی خۆی کۆتایی دێت.

لێرە پرسیاری زۆر دێتە ئاراوە کە:

ئایا ئەو (خۆسووتاندنە)ی ژنان هاوارێك نییە بۆ ئەوەی گوێ لێبگرن؟

ئایا ئەو (ڤیژەیە) پەیامێك نییە بۆ رەتکردنەوەی خێزان و کۆمەڵگا؟

ئایا (ناڵە ناڵەکە)ی هێمای ئەو هەڵسوکەوتە نابەجێیەوە ناشایستەیە نیە کە لەگەڵی کراوە؟





ئەستەمە تاکو گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی نەکرێ چونکە تا ئێستا زۆر یاساو بڕیار توێژینەوەو دەرچووە، بەڵام هیچ کاریگەرو دەنگۆی نەبووە هیچ پایەندێك نەکرایە ، کەواتە لەمەو دوا شتێکی (بنەڕەتی بە یاسا) بکرێ بۆ ئەم دیاردەییە، (کێشەکە بەردەوامە) پێویستی بە ئیش کردن و بەدواداچون هەیە، دەپرسم ئایا یاسا بەسە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەییەی (خۆسوتاندن)؟بەڵێ (یاسا) ڕۆڵی گرنگی هەیە، و پێویستە یاساش بە توکمەو پتەوی دابڕێژرێ، بەڵام واقعیانە باس لە شتەکان بکەین لە (واقیعی کوردەواری) تەماشای کێشەکان بکەین. تاکە تاکی ئێمە ژن و کچی ئێمە بوونی خۆی بچەسپێنێ لە داهێنان و بونیان بەرەو داهاتوویەکی روشن شتێکی بنەڕەتی بە یاسا بکرێ و ڕیگا لەم دیاردەییە بگیرێ وە دەبێت هەڵوەستیەك و چارەسەرێك بکەین بە حکومەت و دەسەڵات و پەرلەمان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و یاساو زانا ئایینیەکان و مامۆستا بەڕێزەکان و دایك و باوکەکان و هەرکەسێك لە ئاست و ڕاستی خۆی ڕۆڵ ببینێت.

وە لە کۆتایی ئەوەی مەبەستمە و پێویستە ئاماژەی پێ بکەم ،پەیامێکە بۆ هەمووان ، ئەوەیە کە خۆکوشتن بەشێوازی سووتان و خۆسوتاندن ڕێگەچارەی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کەلتووری......هتد نەبوەو نییە، بەڵکو پێچەوانە گرفتەو کێشەکانی قوڵتر کردۆتەوەو برینەکانی سەختر کردووە، من دڵنیام هەمیشە چەندین ڕێگاو چارەسەر ئامادەیە بۆ کێشەیەك، بەڵام لەوانەیە تۆ هێشتا دەرکت بەو ڕێگە چارە نەکرد بێت، بۆیە بەهیوام بیرکردنەوەمان واقیعیانە بێت و ئومێد بوونمان بە ئایندەیەکی گەش

9ـــ گرینگ دان و پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی (بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژی بەرامبەر ئافرەتان و ژنان کە لە هەرسێ پارێزگاکانی کوردستان کراوەتەوە، بەوەی کە ستاف و کارمەندیان بۆ زیاد بکرێت، ئۆتۆمبێلی زیاتریان بۆ زیاد بکرێت بەشێوەیەك پەکیان نەکەوێ لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێر ژیانیان بپارێزرێت ئەمەش بەدانانی زیاتری پاسەوان و کارمەندی پۆلیسی چالاك و لێهاتوو چونکە ئەمانە مامەلە لەگەڵ رەوشێك دەکەن لەوانەیە هەندێك جار ببێتە هۆی ئازاردان و هەڕەشە لە لایەن بکوژ و یاسا لادەرەکان.)

10ـ زیاد کردنی ژمارەی لێکۆڵەری دادوەری (محقق عدلی) لە بنکەی فریاکەوتن و چارەسەری لە هەولێر و کردنی دەوامیان بە سێ (شەفەت) بەبەردەوامی بەشەو و رۆژ، چونکە وا ڕووی داوە کە روداوی کوشت و سوتان بووەو دەوام نەماوە ئەمە بویتە هۆی ئەوەی هەندێك جار سوتاوەکە، قوربانیەکە بەرەو رەوشی خراپ بوون و مردن چووە ئیفادەی لێ وەرنەگیراوە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەزانینی هۆی سووتانەکەیی و مردنەکەی ئەمەش کاردانەوەی خراپی دەبێت لەسەر میکانزمی ئیشە.

11ـ راهێنان بۆ پۆلیس و پیشە دارە یاساییەکان بکرێت بۆ زامنکردنی سەپاندنی یاساکان.

12ـ پەرەمێز درۆیە، زۆر زۆر کەم حالەت هەیە کە پەرەمێز هۆکارە، بەلاّم زیاترین حالەتی سووتان خرایتە پاڵ پەرەمێز.

بەڕای من ئەمە ململانی (ژیان و مانەوەیە) بەلاّم ژیانێك لەدوای هەوڵی خۆکوشتن بێت و ئاسەواری لەسەر جەستە و ناخی بەجێ هێشت بێت کەئەمە مردنێکە ڕووبەڕووی ڕاستی و واقعیەکە دەربازبوونە تیایدا زۆر





ئایا ئەم دیاردەییەی هەر لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە؟

ئایا بۆچی ژنانی ئێمە خۆی دەسووتێنێ بۆچی رێگاو شێوازی تر ناگرتەبەر؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن، خۆیان دەچەسپێنن کە بڵێین دیاردەییەك هەیە و بوونی هەیە بەناوی (خۆسووتاندن)ی ژنان و ئافرەتان.

هەموو ئەمانە ڕاستیەکان پێ دەڵێین کە دیاردەیەك لە کۆمەڵگادا هەیە بەناوی (دیاردەی خۆسوتاندنی) کە وەکو نەریتێك لەنێو کوردا بۆتە ڕێگایەك بۆ مردن کەواتە ئەگەر بێتو پێناسەیەکی پڕ بەپیستی خۆی بۆ خۆسوتاندن بکەین لەڕێگای ئاگر بڵێین (خۆسوتاندن): جۆرێکە لەجۆرەکانی خۆکوژی لەڕێگای ئاگر بەردانە جەستە بەمەبەستی خۆکوژی یان هەوڵدان بۆ خۆکوژی، بەهۆی نەبوونی ئارامی تاکە کەس لە بارودۆخێکی کۆمەلاّیەتی، دەروونی، ئایینی یان لەپێناوی بارودۆخێکی لەم جۆرەدا قەبارەی دیاردەکە بەگشتیو پشکی ژنان لەو قەبارەیە ئاماژەن بەوەی کە لەپشت دیاردەیەکی لەم شێوەیەوە هۆکاری وەك، کۆمەلایەتیو ئابووری، فەرهەنگیو کلتووری خۆیان حەشارداوە کە ناکرێت هەڵەستەی لەسەر نەکەینو نەگەڕێین بەشوێن ئەو هۆکارانەدا.

## سەردان بۆ بنکەی فریلکەتن و چارەسەر لە هەولێر( ئیمرجنسی )

1. چاو پێکەتن لەگەڵ لێکۆلەری دادوەری (کامەران) کە بەڕاو بۆ چوونی ئەو بۆ ماوەی (10) ساڵە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە دەکات :

أ- نەبوونی تێك گەسشتن لە نێوان دایك و باوك و منداڵەکان، تێنەگەشتن لە کێشەکانیان و نەبوونی پەیوەندی گیانی و متمانە لە نێوانیان کە منداڵەکان بە تایبەتی کچان ناتوانن کێشەکانیان بدرکێنن لەلایان.

ب- جەختی لەسەر (ئامێرە تەکنەلۆجیەکان)کردوە بە بە کارهێنانیان بە شێوەیەکی نادروست و کە کێشەی زۆری هێناوە. بەڕای ئەو یاسایەك لە پەڕلەمان دەربچێت بۆ دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئەم مەسەلەیە.

ت- ڕۆلی (قوتابخانەشی) زۆر بە هەند وەرگرتووە کە وەك سەنتەرێکی فێربوون و ڕۆشنبیری کە دەبێت ڕۆلی هەبێت لە هۆشیار کردنەوە و دانانی بنەمایەکی دروست بۆ خوێندکاران.

پ- هۆی ئابووری : نەبوونی و نەداری زۆر لە خێزانەکان لە ڕووی داواکاری منداڵەکانیان لە ئەنجام ئەم لێشاوەی گرانی بازاڕو پێداویستیە بریقەدارەکانی ئەمڕۆ.

ج- ڕاگەیاندن : مەسەلەیەکی زۆر دەروژێنی ،خۆی کێشەیەك هەیە کە بویتە دیاردە کە دەبێت بە هەموو لایەکمان چارەسەری گونجاوی بۆ دابنێین.





4ـ بە پەلە کۆنفراسێك ببسرێت لە (دژی کوشتن و تیرۆری ژنان) بە ئامادە بوونی (زانایانی یاسایی، زانایانی کومەڵ ناسی، دەروونناسی ، ئایین ناسی) کە ئەمانە واقیعانە و ورد و دروست بابەتانە لە مەسەلەکە بکۆلینەوە نەك بە عاتیفە.

5ـ حکومەت بە تەنها ئەمەی پێ ناکرێ ئەمە تەنها لە ئەستۆی حکومەتدا نییە ، بەڵکو لە ئەستۆی ڕێکخراوەکانی و حکومی نا حکومییە ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتان، سەنتەرە پەروەردییەکان و مافی مرۆڤ، وئەنجومەنی گەرەکەکان، هەموو تاکێك لە ئێمەش دایە ، ئەمەش بەوەی هەماهەنگی و پەیوەندیەکی توندو بەهێز هەبێت لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان، پۆلیس، وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرایەتی (بەدواداچوونی توندوتیژی ژنان و ئافرەتان) بۆ دەوڵەمەند بوونی زانیاری زیاتر بۆ بەدواداچوونی ئیش و کارەکان وە ئاڵوگۆڕی زانیاریەکان.

6ـ کردنەوەی هۆبەیەك لەو بەڕێوەبەرایتە نوێیەی کە تایبەتە بە توندوتیژی دژی ژنان تایبەت بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی کێشە و کیسی سووتان و خۆسووتاندن بکا. ڕاهێنان بۆ پۆلیس و پێشەدارە یاساییەکان بۆ زامنکردنی سەپاندنی یاساکان.

7ــ چاوپێکەوتن بکرێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی خۆسووتاندن نەمردوون، پەشیمانیان لە ڕێگای چاوپێکەوتنیان لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە تاکو خەڵك وانەو عیبرتیان لێ وەربگرێت.

8ـ دانیشتنێك لەگەڵ حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت بۆ چۆنیەتی کاراکردنی جێبەجێکردنی یاساکان کە دەردەچن.

## پێشنیارەکان:

1ـــ حکومـــەت بـــە فـــەرمی نامەیـــەك ئاراســـتەی (وەزارەتـــە پەیوەندییـــدارەکان) بکـــات وەك وەزارەتـــی نـــاوخۆ، داد، کاروبـــاری ژنـــان کاروکاروبـــاری کۆمەلآیـــەتی، مـــافی مـــرۆڤ، بـــۆ بەدواداچـــوونی تـــاوان و مەسەلەکان لـــە ژێـــر چـــاودێری ( لیژنـــەی داکـــۆکی کـــردن لـــە مـــافی ژن و ئافرەت) لە پەرلەمانی کوردستان.

2ـ ماددەی 409 کوشتن لە سەر شەرەف کە لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969عیراقی چـاکتر بکرێـت و جێبـەجێ بکرێـت بەوەی هەموو خیانەتی هاوسەری پیاویش بگرێتەوە، چونکە جیـاوازی هەیـە لە نێوان ژن و پیاو لەو ماددەیەدا بەدی دەکرێت کە دواتر کووشـتنی ژنـانی لێ دەکەوێتەوە من لێـرە پرسـیارێك دەروژێـنم ئایـا کوشـتن ئاسـاییە یـان کوشتنی ژن لەسەر ناموس ئاساییە؟

3ـ بەپێی یاسایی پەرلەمانی ژمـارە (42 ی سـاڵی 2004) کـە لـە 2004/10/13 ماددەی 408 تایبەت بە هاندان و دانانی سزای توندتر، چونکە ئەم حاڵەتـە خۆسـووتاندنی ژنـان دەگرێتـەوە. هـەر کەسـێك هـانی کەسێکی تر بدات یـان پاڵپشـتی و کۆمـەکی بکـات بەهـەر هۆیـەك بـۆ خۆکوشتن یان بووە هۆی ئەو خۆکوشتنە، ئەگەر هـاتوو خۆکوشـتنەکە بینـا لەسەر ئەو هاندانە ئەنجامدرا، ئەوە سزا دەدرێت بە بەندی کردن بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ، وەهەروەها سزاکە( گرتن) دەبێت ئەگەر هـاتوو هەوڵی تاوانەکە درا کوشتن بە هەر بیانوێـك بێـت هـەمووی بـەپێی دەقـە یاساکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.





## چۆنیەتی لیکۆڵینەوە

لێکۆڵینەوە بـە تـەنیا لەگـەڵ (سـووتاوەکە) دەکرێـت و سـوێندی پـێ دەخورێت لەسەر چۆنیەتی ڕووداوەکە کە ئایا بە هانـدانی کەسـی یارمـەتی دەر یان قەزاو قەدەرە ؟ ئایا شکایەتی لەسەر کەس هەیە؟ لێرە دادوەر ڕوونی دەکاتەوە دڵنیای دەکات کە ئەم لێکۆڵینەوە بۆ سوودو یارمەتی سووتاوە کەیە (قوربانیەکە) یە گەڕانەوەی مافە بۆ ئەوە. پاشان وەرگرتنی ناو و ناونیشانی تەواو، کارو پیشەی هاوسەرەکەی و ئاستی زانستی. و بە شێوەیەکی زانسـتی و هـێمن و لەسـەرخۆ (وتـەکانی) وەردەگیرێـت و دواجـار ڕەوانـەی (بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچـوونی توتندوتیـژی بەرامبـەر ژنـان و ئافرەتـان) دەکرێت.

## لە چاوپێکەتنی دووەم لەگەڵ دکتۆری دەروونی( د.ڕەوشت ):

بەڕای د.ڕەوشت خۆکوشتن بە گشتی پەیوەندی بە (خەمۆکی) هەیە ،؟ ئەم کەسانەی بیری خۆکوشتن لەلایەن درووست دەبێت، یان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن و لە کۆتایشدا خۆیان دەکوژن بە هەر شێوەیەك بێت.

هۆکارەکانی بەڕای ئەم دکتۆرە بۆ:

1_ ژن وەك پیاو پێویستی بە دەرچوون هەیە ،لە چوارچێوەی ماڵەوە دەربچن ، ئەمەش لە گەڕەکە میللیەکان و چینی نەخوێندەوار بەدی دەکرێت ، چونکە ئەمانە دەرفەتی چونە دەرەوەیان زۆر کەمە.

2_ لێکۆڵینەوە دەری خستوە کە ئەو ژنانەی (سێ منداڵیان) هەیە لە تەمەنی خوار (11) ساڵیدابن ، ئامادە سازییان هەیە بۆ تووش بوونی (خەمۆکی) ئەگەر یەك نۆبەش بێت، لەم ڕەشەدا ئاستی دەرامەتی بەرزو نزم دەگرێتەوە.

3_ ئەو ئافرەتانەی کە (سەربەخۆی ئابووریان ) نیە پەیوەستن بە پیاوەکانیان چاویان لە دەستی ئەوانە .

4_ (بوونی هاوڕێ) زمانی هاوبەش زۆر گرنکە بۆ سووك بوونی خەمەکان و کێشەکانیان بۆ دەرهاویشتنی ئەو پاڵە پەستۆییە پەنگ خواردووەی لە ناخیانەوە.

5_ بە گشتی کۆمەڵگای کوردەواری ئێمە (کۆمەڵگای خۆ خۆرەوەییە)بە پیاو و ئافرەتەوە ناتوانن دەربڕین لە خۆیانەوە بکەن ،ئێش و ئازارەکان لە ناخیان پەنگ دەخواتەوە.





ئامانج لەم ئازادییە، دەربڕینی توانا و بیرو هزرەکانە بۆ پێش خستنی و پەرەسەندنی کۆمەڵگا، وە بۆ بەهێز کردنی کەسایتی (ژن)ە، بۆ بەشدار بوونی، و کاریگەری کردن بۆ بڕیاردان و بەرهەم هێنان.

لێرە مەبەست لە ئازادی بیرو بۆ چوونی ئافرەتە نەك ئازادی رەها هەر بۆ کوشتنی کات و بێزاری.

لێرە ئاماژە بە راستیەك دەکەم کە بەرێز وەزیری تەندروستی د. زریان گرتوویە کەسووتان مەترسییەکە لە نێو ژنان و ئافرەتە گەنجەکان بێزارکەرترە لە نەخۆشی کۆلێرا کە ئێستا لە هەرێمدا بلاۆبویتەوە، بەپێی ئامارێك کە بەرێزی ئاماژەی پێ کرد کە لەرۆژی 2007/8/10دا (9) حالەتی مردن لە کوردستاندا هەبووە بە هۆی بلاۆبوونەوەی کۆلێرا، بەلاّم لە هەمان ماوەدا (25)ژنی گەنج بە هۆی سووتانەوە مردوون.مەترسییەکە لەوە دایە کە بەرێزی دەلێت لە هەر( تاکە رۆژێکدا ئێمە کچێکی گەنجمان لە نەخۆشخانەدا هەیە) من لێرە ئاماژە بەوە دەکەم کە رەوشی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لە دوای شەرە یەك بەدوا یەکەکاندا لە شەری ئێران و کەنداو شەری ناوخۆ پێك دادانێك و تێهەڵ چوونێك لە نێوان داب و نەریت و تەکنەلۆژیانی مۆدێرندا دروست بوە، کە کاریگەریکی راستەوخۆی هەبووە لەسەر کۆمەلگاکەماندا.

ئەنجامدا پەشیمانی لێ دەکەوێتەوە بەڵام پەشیمانیش لەم حاڵاتانەدا داد نادا.

ج ـ زانکۆ: 1ـ هاندانی قوتابی و خوێندکار بگرێتە ئەستۆ بۆ خوێندنی بەشی کۆمەڵایەتی دەروون ناسی.

2ـــ (ناوەندی زانکۆ) ببێتە مەیدانی لێکۆڵینەوەکان چونکە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە گرنگترین ڕۆڵیان هەیە تاوەکو گۆڕانێکی بنەرەتی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بکرێ بەرامبەر بە کەلتووری خۆسووناندن.

15ـ دامەزراندنی دەستەیەک لە(سەندیکای پارێزەران) بە ژن و بە پیاوی قانوونی بە خوێندن و دراسەبچنە ناو مەسەلەی توندوتیژی ژنان، ئەمەش لەسەر بنەمای (راپۆرتی پزیشکی) و (راپۆرتی پۆلیس)ەو و رێکخراوەکانی مەدەنی ژنان و ئافرەتان بۆ ئاشکرا کردنی کیسەکانی مەسەلەی ژن و توندو تیژی.

16ـ دانانی ژمارەی تەلەفۆنێکی تایبەت کە لە وولاتان پێی دەڵێن (هێڵی گەرم) سەر بە وەزارەتی ناوخۆی بێت، بۆ ئەوەی ژنان یان هەر هاولاتیەک بتوانێت پەیوەندی بکەن لە کاتی پێشهاتنی هەر حاڵەتێکی توندو تیژیدا، یان کاتێکیش بزانرێت کە کوشتن و سووتانی لێ دەکەوێتەوە. وە ئاشکرا کردنی ئەو ژمارەیە لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە.

17ـ ئازاد کردنی (ژنان) ئەم مەسەلەیە، مەسەلەیەکی ساسی یە، چونکە پابەندنیە لە ژیانی تەنها نیوەی کۆمەل، بەڵکو بە ژیانی کۆمەل هەمووی، لێرە هەر دواکەوتووی و نەزانین و نەفامی هەر ژن ناگرێتەوە، بەڵکو رەنگ دەداتەوە بۆ سەر هەموو تاکێکی کۆمەڵ بە پیاو، ژن و منالێش بەمانای تەشەنە دەکات کۆمەڵگا هەمووی.





**خۆسووتاندن بە بۆچوونی ئەم دکتۆرە:**

1_ مرۆڤ لە هەر شوێنێك بێت بە سروشتی خۆی بۆ هەر کارێك کاردانەوەیەکی هەیە ،ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا کاتێك (تورەی دەکەی) بۆ نموونە: کاتێك لێی دەدرێ، قسەکی سوکی پێ دەگوترێ بەهیچ شێوەیەك بۆی نیە ، نە سکالا کردن نە هەڵوێستێك دەربرێ و بەڕای ئەم دکتۆرە زیاترین سووتاوەکان لە ئەنجامی (تورە بوونە)

2_ ئاگر گڕو هاواری لەگەڵە ، لەم ڕوانگەیەوە وا تەفسیر دەکرێ تاکو هەموو دونیا تێبگا، وەکو (پەیامێك)کە چ ڕادەیەك غەدری لێ کراوە.

3_ ئاسانی بەدەست کەوتن و بەکارهێنانی سوتەمەنی ، دەنکە شقارتەیەك و کەمێ نەوت.

4_ لاسایی وەك (مۆدیل)(1): بیستنی خۆسووتانی کچە پورێك،ئامۆزایەك، خزمێك و هاورێیەك،....ئەمە کە دەبتە بابەت و ڕەوشەکی گرنگ کە لەناو خەڵك و خزمان باس دەکرێ وەك مۆدیل تەشەنە دەکات ، بۆ نموونە: سەردەمانێك لە ڕواندز خەڵك خۆیان دەهاویشە دۆڵی(خەرەند) کە ببوە مۆدیلی خۆکوشتن.

5_ ڕاگەیاندن: پرۆگرامەکان بە شێوەیەکی تەندروستی و ئامانج کراو نین، بۆ نموونە:بابەتێك دەڕوژێنێ بەوەی کە پیاوەکە زۆر غەدری لە ژنەکەی کردووە ،ئەزیەتی داوە ،ژنەك هیچ پەناهەنگەی نەماوە ،خۆی سوتاندووەلێرە (هاندان)و (پیاهەڵگوتن) ڕۆڵی دەبینی لەم بابەتە .ڕاگەیاندن بەڕای ئەم

(1) د. رەوشت کە خولی هەبووە لە وولاتی نەمسایە ئاماژەی دکتۆری سەرپەرشتیاری بەهەمان شێوە خۆکوشتن ببوە مۆدیل سەردەمانێك لەم لە وولاتەش وەك خستنە ژێر نێترو یان خۆهەڵدانە خوارەوە لە شوێنێکی بەرز.

دکتۆرە زۆر چالاك و بابەتیانە بێت لەم بوارە داو لەسەر ئاستی زانستی و ئەکادیمی بێت بە بەشداری کۆمەڵناسی ، دەروونناسی،ئایینناسی ،یاسایناسی،بە بەشداری سیاسەتمەدارەکان و لێپرسراوەکان بە بەرنامەی تێرو تەسەل و درێژ خایەن.

6_ نەبوونی دەزگایەکی تایبەتمەند (بە ئامار) ،کە بە شێوەی (تیم) بە هەموو گوندو شاروو شارۆچکەکانی کوردستان بۆ ئامارێکی وردەو رێك و پێك،ئامارێك ئاشکرا بکرێ،کە ئەم قەبارەی ئەم دیاردەییە پێی شورەیی نەبێت (ئامارێك شەرم نەکا).





کۆمەڵایەتین، لێرە دەبێت هەوڵ بدەین کۆمەڵگا هۆشیار بکەینەوە پێش کۆمەڵگاش دەبێت لە خێزانەوە دەست پێ بکەین، چونکە هەر خێزانە کۆمەڵگا پێکدەهێنێت.

ب- قوتابخانە: 1ـ هەمەهانگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو بکات و وانەیەك بخرێتە سستەمی خوێند بۆ ئەم مەبەستە، چونکە خوێندنگا دەتوانی رۆلی زۆر کارا و چالاك بگێرێت و پەروەردەیەکی تەندروستی نەوەیەك بکات. بەلاّم ئەوەی من تێبینی دەکەم بە حوکمی ئەوەی سالاّنێك لەم بوارە مامۆستا بوویم، لەم دوابیانەدا چەند حالاّنێك هەن کە خوێندکاریش پشکی ئەم دیاردەییەی بەرکەوتووە، لە ناوچینی قوتابیان حالەتی خۆسووتاندن بووە ئەمەش لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی نابەجێ و دڵ رەقانەی هەندێك لە مامۆستایان وەیان هەندێك جار ئەو قوتابیانەی کە ناگەن بە ئاواتەکانیان لە نمرە و وەرگرتنیان لە زانکۆ.

2ـ چاوپێکەوتن بکرێت لە نێوان دەستەی خوێندنگاو مامۆستایەکان لەگەڵ خێزانەکانی قوتابی مانگانە بێت، یان بەجیا خێزانەکان لەگەڵ مامۆستای رابەر و بەرێوەبەری کۆبیبێتەوە باس لە مەترسیەکانی جیاوازی رەگەزی و توندو تیژی و گرفتەکانی کۆمەلاّیەتی بکرێت و دەست لەسەر دەرئەنجامە خراپەکانی کەلێی دەکەوێتەوە نیشان بکرێت، ئەمەش تا رادەیەك چارەسەر کراوە بە بەرنامەی نوێی وەزارەتی پەروەردە بەناوی( دیاری گەشە).

3ـ تایبەت کردنی دەخولەکەی یەکەمی هەموو بەیانیەك بەوەی هوشیاری و رێنمایەی بدرێتە قوتابیان بەوەی ئەم حالاّتە نەیانگرێتەوە لە کات و ساتێکی هەڵچوون یان نەگەیشتن بەئامانجە سادەو ساکارەکانیان. لە

ز ـ سوود وەرگرتن لە کورتە نامەی مۆبایل بـۆ ئەنجامـدانی هەڵمـەتی هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە مەترسییەکانی( سووتان و خۆسووتاندن).

13ـ ڕۆڵی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلاّیەتی و دانانی بەرنامەیـەك و ئەجیندایەك بۆ ئەم دیاردەیە ئەمە بەم شێوەیە.

1ـ لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی چاودێری خێزانـەوە توێـژەر کۆمەلاّیـەتی هان بدرێن و پاڵ پشت بکرێن کە بچنە گەرەکە میللیی کـەم دەرامەتـەکان، ئەمانە ڕاستە وخۆ ڕووبەڕوو لەگەڵ خێزانەکان دانیشین گفتوگۆ باس لە سەر ئەم دیاردەبیە بکەن و کار بکەن لەسەر بەزر کردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەو خێزانانە کە مانگانە سەردانیان بکەن.

2ـ لە ڕێگەی ڕاهێنان و مەشقی پیشەیی: خولی فێرکاری تایبـەت بـە ژنان بکرێتەوە تاکو ڕزگار بێت لە دەست بەتاڵی بێ ئیشی و هەژاری کە ئەم دوو هۆیەش فاکتەرێکی گرنگن بۆ بیرکردنـەوەی خـراپ و ئەنجامـدانی ئـەم دیاردییە.

14ـ کاراکردنی دەزگاکانی پەروەردە لەبواری:

أ- خێزان :[1] پێویستە خێزان هاوکـار بێـت لەگـەڵ قوتابخانـەو دەزگـا پەیواندیدارەکان، دەسەلاّت، ڕێکخـراوی کۆمـەڵگای مـەدەنی و بـەوەی لـە ڕێگـای نوێنـەری ئەنجومـەنی گەرەکەکانـەوە. چـونکە زۆرتـرین کێشـەکان

(1) یاسای خێزان:

1. یەکسانی ژن و پیاو لە هاوسەری دا.
2. رازیبوونی خۆیە خۆی هەردوو لایەن بۆ ئەوەی بچنە ناو رێککەوتنی هاوسەرییەوە.
3. تەمەنی گونجاو ب هاوسەرگیری یەکسان بینین بۆ ژنان و پیاوان.
4. ماف یەکسان لە تەلاّق دا رێو شوێنی گونجاوی تەلاقدان.
5. پاراستنی مافەیاساییەکان لە هاوسەرگیریانەدا بەگوێرەی دابونەریت.



پەرلەمانتار/ ڤیان دزەیی

## هۆکارەکان..

ئاشکرایە کە هەمـوو ڕوداوێك بەبێ بوونی هۆکار دروست نابێت کـەزۆر جار ئەو هۆکارە دەبێتە پێوەرێك لـە دروسـت بـوونی جـۆرو و چەشـنی ئـەم ڕووداوە، هۆکارەکان زۆرن و جۆراو جۆرن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەهـەل و مەرجێکی دیاریکراو واقعیەوە هەیە کە بەپێی کۆمەڵگـەکان دەگـۆڕێن، و لە شار بۆ گوند دەگۆڕدرێت، ئێمە ناتوانین هۆکارەکـان و پاڵنـەرەکانی ئـەم دیاردەیە زۆر بەدەر بخەین و بخەینە چوارچێوەیەکی دیارکراودا، بەلاّم دەتـوانین زۆرترین و گرنگترین و کاریگەرترین هۆکارەکان دەست نیشـان بکـەین کـە دەبنە پاڵنەرێکی بەهێز، بەرای من ئـەم گۆڕانکارییـە چـاوەڕوان نـەکراوەی کۆمەڵگا. لە بێکاری، گرییە دەروونییەکان، تێك چوونی و پەرتە وازە بوونی شیرازەی خێزان، نزمـی ئاسـتی ڕەوشـنبیری و کێشـە کۆمەلاّتیـەکان، شـەڕ بەگشـتی و شـەری نـاوخۆیی و وە قـەیران و سـەرنەکەوتن لـە کاروپیشـەو خوێندندا ئەمانە هەمووی بووینە پاڵنەرو هۆکار. وەکـو ئامـاژەم پـێ کـرد هۆکارەکان لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیـاوازن بـۆ نموونـە: لـە ئەورووپا خۆکوشتن بەگشتی دەگەرێتەوە بۆ بێکاری، خەمۆکی، گیرۆدەیی مادە بێ هۆشکەرەکان کە دەستێکی بالاّیان هەیە لەمە.

هەندێك جاریش سەرنەکەوتن لە بواری کار و پیشەکەیان، هەروەها لـە ولاّتە پێش کەوتووەکان خۆکوشتن بە هەر شێوەیەك بێت ڕێژەکـەی لـە شـار زۆرترە وەك ئەوەی لە گوندو دێهاتەکان، بەلاّم لە ولاّتـە تازەپێگەیشـتووەکان بە پێچەوانەوە ڕێژەکەی لە گوندو دێهاتەکان زۆرترە.

کەچی لە وڵاتی ئێمەدا ڕێژەکە لە گوندو شارۆچکەکان زۆرتره زۆرتر ڕەنگی داوەتەوە وەك لەوەی لە شار. ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر شێوازی خۆکوشتن لە نێو ژنانی کوردستان کە بەشێوەیەکی گشتی بە خۆسووتاندن ڕەنگی داوەتەوە، کەچی شێوازی خۆکوشتن لە وولاتانی تر بە شێوەی حەب خواردن، ژەهر خواردنەوە، خۆفڕێدانە خوارەوە، کوشتن بە گوللە...... دیسانەوە نەبوون و لاوازی هوشیاری تاکی کۆمەڵگەی ئێمە بەگشتی و ژن بەتایبەتی دەربارەی ڕێکوتننامەکان و پەیمانامەکان بەپێی بنماکانی جیهانی وەکو سیداو[1]، ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی لە بارەی مافە مەدەنی و سیاسیەکانەوە 1966 ـ 1976 ، و بڕیاری 1325ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 2000. ئەمانە هەمووی وای کردووە کە تاك و خێزانی ئێمە نەتوانی ڕووبەڕووی کێشەکان ببنەوە.

وە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لەم چاوپێکەوتننانەم و بەدوا داچوونەکانم شتێکم بۆ دەرکەوت کە هۆکاری سزانەدانی ئەو پیاوانەی یان ئەو کەسانەی کە دەبنە هۆکار یان پاڵنەری خۆسووتاندنی ژنان ئەوەیە، کە ژنەکان دان بەوەدانانێن کە خۆیان دەسوتێنن، بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت لە نێو خێزان و بنەماڵەکانیان، بۆیە ئەستەمە بۆ دادوەران و لێکۆڵەوەری گشتی چۆن گومان بکەن، هەندێك جاریش قسەی ئەو ژنانەی پێش مردنیان ناوی

(1)سیداو: (**CEDAW**) Conuention on the Elemination of all forms of Discrimination against women پەیماننامەی لە ناوبردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان. عیراق سیداوی پەسند کرد لە ساڵی 1986 ئەگەر زۆریش لە بەندەکانی جێبەجێ نەکردووە. هیواردارین کەوا کوردستانیش پاش ئەوەی نووسینگەی UN لێکراوەتەوە وە خەمخۆرانە ئیش لەسەر ئەم ڕێککەوتننامەیە بکە.





أ- کونفراسێ بکرێت بۆ ڕاگەیاندن بە ( ڕادیۆ + تەلەفزیۆن + ڕۆژنامە ) بۆ یەك بواری دەنگی ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندن کاراترین ڕۆڵە لە هەرسێ شێوەی ( بینین ، بیستن ، نووسین )

ب- بەستنی کۆڕ و سمینیار لە گوندەکانن بۆ ڕۆشنبیرکردنی مامۆستایان و پێشەواکانی دیکەی کۆمەڵگە بە تایبەتی (مامۆستا) ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەر دەبینی لە ڕێنمایی خەڵکەکە بەگشتی و قوتابیان بەتایبەتی.

ج ـ کردنی پۆستەرات وەك ڕێنمایەك لەهەموو ڕێگا سەرەکیەکان و کۆڵان و گەڕەکە میللیەکان بلاۆدەکرێتەوە.

د ـ ئاشکراکردنی هەموو کیس و کێشەکان کە دەگەنە دادگا لە ڕێگای (ڕاگەیاندن). بەلاَم نەك بەشێوەیەك کە کردنی سووتاوەکە یان کوژراوەکە وەك (پاڵەوان)و جولاندنی بەزەیی و بەخشندەیی خەڵك ئەمە وای لە زۆرێك هەرزەکاران کردووە کە (لاسایی) بکەنەوە و شتەکە تاقی بکەنەوە، ئەمەش ئاماژە پێ کردووە لە هۆکارەکان.

هـ ـ بەرنامەی تەلەفزیۆن بەناوی (پیاو وتوندوتیژی خێزان)ی بە پاڵپشتی وەزارەتی کاروباری ژنان.

و ـ هەندێك دەرامە خۆماڵیەکان وا لە ئەکتەرەکان دەکات وەك (پاڵەوان)کە بە کوشتن یان سووتاندن کۆتایی بە ژیانیان بهێنن ئەمەش دووبارە کاریگەریەکی زۆری هەیە بۆ لاسایی کردنەوە.

ر ـ دروست کردنی گرووپی هونەری لە ڕێگای وەزارەتی ڕەوشنبیرییەوە بۆ نمایش کردنی کورتە فلیم، یان شانوگەریی تایبەت بە مەترسیەکانی توندوتیژی دژی ژنان و سووتان و خۆوستاندنی ژنان و ئافرەتان.

کەسێك دەهێنن کە بۆتە پاڵنەری خۆسوتاندکەیان بە بەڵگە ئەژمار ناکرێت، چونکە ئەو سووتاوە ئەگەر چەند رۆژێك یان چەند کاتژمێرێك پێش مردنیان ناوی کەسێك یان کەسانێك دەهێنن کە بوونەتە هۆکاری خۆسووتاندنەکەی ئەوە بەهەند وەرناگیرێت، ئەوەش بەبیانۆی ئەوەی چونکە لەوانەیە سووتاوەکە بزانێت وا دەمرێت رق و کینەی لە کەسێك بێت دەڵێت ئەو وای لێ کردم وە ئەمە هۆکاری سووتاوەکە بێت. یان هەندێك جار لەبەر ئەوە ژنە سووتاوەکە ئەگەر بڵێت لەداخی مێردەکەم خۆم سووتاندووە هاوسەرەکەی دەگیرێت کە دڵنیاشە کەوا دەمرێت، بۆ بەرژەوەندی مناڵەکانیان تاکو مالی خەسو خەزوریان نەبنە دوژمنی مناڵەکانیان و بەخێویان کەن، ئەمە وای کردووە مافی زۆرێك لە ژن و ئافرەتە سووتاوەکان بفەوتێت و کەسی هۆکارو پاڵنەر سزا نەدرێت.





و ـ حکومەت دەبێت پێوەرەکان بناسێت بۆ زیاد کردنی بەشداری ژنان لە سیاسەت و بڕیاردان. بۆ نموونە ژنان بخەنە نێو سەرکردەکانی حیزب، رێژە دەست نیشان بکەن بۆ بەشداری ژنان لە ناو حیزبدا.

ح ـ رێك خستن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژی سەردەم لە رێگای یاسایەك بەشێوەیەك کە بۆ خۆش گوزەرانی بێت و نەك بۆ ماڵ کاول کردن و کوشتنی تاك و کۆمەڵ کە پەرلەمانی کوردستان لەسەرو بەندی دەرکردنی ئەم یاسایەیە کە یاسایەکی زۆر گرنگە بۆڕێك خستن و دانانی سزاو بەند کردنی ئەو کەسەی کە دەبێتە هۆی روداوەکە. لێرەدا ئاماژە بە چاوپێکەوتنێك کە لەگەڵ بەڕێوەبەری بەدوا داچوونی دژی توندوتیژی ئافرەتان بەرێز ژیلەمۆ: کە جەختی لەسەر ئەم دیاردەییە کرد کە خراپ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە بووینە هۆی کوشتن و سووتاندن چەندان لە خەڵك، ئەمە لەکاتێکدا کە ئامرازە دانراوە بۆ کارئاسانی و بەیەك گەیشتنی خێرا بۆ راپەڕاندنی ئیش و ئەرك و نەك بۆ شێواندنی کومەڵگا.

11ـ دەزگا ئایینەکان و کاراکردنی رۆڵیان بۆ ئەم دیاردەیە. بۆ نمونە مزگەوتەکان بە بەرنامەیەکی داڕێژراو درێژ خایەن نەك هەر بۆ یەك هەینی و یەك بەرنامە، باس لەم بابەتە بکەن بەشێوەیەك لە رووی دەقە ئاسمانیەکانەوە کە هەر کەسێك ئازاری جەستە یان خۆکوژی ئەنجام بدات قەدەغەیە و کە هەروەك ئەوە وایە یەکێك بکوژی لێرە من دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە پێویستە داد پەروەریی بەدی بهێنرێ لە ئەرك و چالاکییەکانی ژن وەك مرۆڤ تەماشا بکرێت.

12ـ هەڵمەتی راگەیاندن:

**ئەمەش هۆکارەکان بەگشتی:**

**1- دەسەلاتی نادیموکراتیانەی پیاو سالاری، بە سەپاندنی داب و نەریتی کۆن لەسەر تاك و کۆمەڵگا، وەك: ناهاوسەنگی بە شوودان، ژن بە ژنێ، گەورە بە گچکە، بە زۆر بەشوودان، مارەکردنی کچی منداڵ، پێشێل کردنی مافی ژنان وەك دانی ژن لە بری خوێن، بێ بەش کردن لە میرات، بۆ نموونە: هیچ بەڵگەیەکی زانستی و بایلۆجی و فیسیۆلۆجی نەیسلماندوە کە ژن کەمترە لە پیاو، لایەنی هۆشی (عقل)، جەستە یان دەروون، بەڵام رەوشی دواکەوتووی کە سەپاوە لە سەر ژن لە کۆمەڵگا بەهۆی (ئابووری و کۆمەڵایەتی) دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی پیاوان و بۆ بەردەوام بوونی و مانەوەی خێزانی (پیاو سالاریە)کە مولگایەتی ژن و منال و خوشك دەکا و بڕیاردەر دەبێت لە جیاتیان**

**2- هۆکاری ئابووری[1]:**

**أ- هەژاری، بێکاری بەربلاوی و بێ هیوایی و نزمی ئاستی داهات و دەرامەتی تاکە کەس کە کاریگەری بەهێزی هەیە لە دروست کردنی حەز و ئارەزووی خۆکوژی.**

**ب- ژنان وەك بوونەوەرێك کە بەدەست جیاکردنەوەو گومان لە توانایان کە دەرهاویشتەی کەلتوورەکەیەو کە تا ئێستاش هەر ماوەو دەناڵێن و تووشی هەژاری بوونە.**

(1)سیداو (بەندی 11) 1ـ مافی کارکردن. 2ـ هەمان هەلی دامەزراندن. 3ـ هەمان پێوەری هەڵبژاردن بۆ دامەزراندن (کارکردن). 4ـ هەڵبژاردنی ئازارد بۆ پیشە و دامەزراندن و مافی بەرەو پێش چوون و ئاسایشی کار. 5ـ مافی پێدانی مووچە بە یەکسانی و بە هەڵی یەکسان بۆ کارەکە.





**خ- تۆێژینەوەکان دەریخستوە ژنان لە پۆستە هەڵبژێردراوەکان دا لە سەر ئاستی ناوخۆیی گوێ دەگرن لە پێویستیەکانی هاولاتیان و راوێژ دەکەن لە بڕیاردانەکانیان دا کە ئەم لەوانەیە بە هۆی ئەوەوە بێت کە ئاگادارن کە زۆر بەوردی چاودێری دەکرێن، هەروەها ژنان کە متر گەندەڵن لە جێبەجێ ئەرکەکانیاندا.**

**ه ـ حکومەت دەبێت هەڵمەتی وشیار کردنەوەی خەڵك بگرێتە ئاستۆی خۆی بۆ گۆڕینی تێروانینیان لە( کەسایەتی ژن).**

مافەکانی مرۆڤ چاودێری رێکەوتننامەکە دەکات. بەندی 3 دەڵێت: ولاتانی ئەندام بۆ ئەم رێککەوتنامەیە گفت دەدەن کە تەئکید بکەن لەوەی ژنان و پیاوان بە یەکسانی هەموو ئەو مافە مەدەنی و سیاسیەنەیان پێدەبڕێت کە لەم رێکەوتننامە حازریەدا خراوەتەوە.

**2. رێکەوتننامەی بنەبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان (1979، 1981).**

لە ساڵی 1979دا ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان رێکەوتننامەی بنەبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان تەبەننا کرد کە ئامادە بۆ ئیمزای لەسەر بکرێت و پەسەند بکرێت و بکەوێتە کارەوە و لە ساڵی 1981ەوە کاری پێدەکرێت. رێکەوتننامە بنەبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان لە لایەن کۆمیتەی( رێکەوتننامەی بنەبڕ کردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان)ەوە چاودێری دەکرێت بە پشتگیریی ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکانی کۆمیساری بالأی مافەکانی مرۆڤ. رێککەوتنامەکە جیاکاری لە دژی ژنان بەم شێوەیە وەسف دەکات: ( هەر جیاکردنەوەیەك، هەلاوێردکردنێك یان سنور بەندیەك کە لەسەر بنەمای رەگەز ئەنجام بدرێت و ئەنجامەکەی یان مەبەستەکەی لاوازکردنی یان پوچەڵکردنەوەی دانپیانان و پێ رابڕان و پیادەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان بێت لە بوارە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و مەدەنیەکان یان هەر بوارێکی تردە لەلایەن ژنانەوە بەبێ گوێدانە حاڵەتی هاوسەرییان لەسەر بنەڕەتی یەکسانی ژنان و پیاوان.) بڕوانە پاشکۆکانی ئەم بلاوکراوەیە بۆ دەقی تەواوی رێکەوتننامەی بنەبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان.

**3ـ بڕیاری 1325ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان(2000).**

بڕیاری 1325ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای بەشدایکردنی ژنان دەکات لە بڕیاردان و چارەسەرکردنی ململانێکان و بونیادنانەوەی پاش ململانێکان. بەتایبەت ئەنجومەنی ئاسایش لە تەبەنناکردنی بڕیاری 1325دا بە زۆرینەی دەنگ جەختی کرد لەسەر گرنگی بەشداری یەکسانی(هی ژنان) و تێوەگلانی تەواویان لە هەموو هەوڵەکان دا بۆ پاراستن و برەودان بە ئاشتی و ئاسایش و پێویستی زیاد کردنی رۆڵیان لە بڕیاردان دا لە روی رێگرتن لە ململانێکان و چارەسەرکردنیاندا.

ب- پێویستە هاولاّتی هەموو زانیاریەك بزانیّ لە بارەی (یاسا)[1] داوای مافی خۆی بکات زانینی زانیاری راست ئەمە بەشێکە لە (ئاسایشی نەتەوەیی) کە هاولاّتی هەموو زانیاری و شەفافیت بزانیّ.

ج- حکومەت دەبێت زانیاری دەبارەی (سیداو)[2] بلاّوبکاتەوە، هەروەها پرۆتۆکۆلّەکانی جیهانی، لێدوانەکانی لێژنەکانی جیهانی، فیدراسیۆنی ژنانی جیهانی بۆ گشت بلاّوبکاتەوە، وە ئیرادەی سیاسی لەلایەن حکومەت ببینرێت و هەستی پیّ بکرێت بۆ جێبەجیّ کردنی رێکەوتنامەکان

ح- حکومەت بە یاسای خۆی دابچێتەوە و تەواو بیگونجیّ لەگەلّ برِیارو رێکەوتنامەکانی جیهانی کە سێی هەرە گرنگ هەیە، وە دەبێت هانی هەموارکردنی دەستوور بدات و بیگونجێنێت بە تەواوی لەگەلّ بەندی (1)ی[3] سیداو لێی رەنگ بداتەوە.

---

(1) **سیداو بەندی سیّ:** *دامەزراندنی پاراستنی ژنان بەتایبەتی لە رێگای دادگا نەتەوەییەکان یان دەزگا گشتیەکانی تر، پاراستنی کاریگەری ئافرەت دژی جیاکاری.

(2) **سیداو بەندی دوو:** * رێککەوتن نامە لەسەر بنەبرکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان و ئافرەت.

(3) **سیداو بەندی یەك: جیاکاری دژی ئافرەت**

هەر جیاوازیەك، وەدەرنانێك، سنوورێکی دروستکراو لەسەر بنەماکانی رەگەز کە کاریگەری و مەبەستی هەبێت ئەوە دانپیانان و چێژ وەرگرتن و مومارەسە کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەرەتیەکانی ئافرەت هەلّدەوەشێننتەوە لە بوارەکانی رامیارو ئابووری و کۆمەلاّیەتی و کەلتووری و مەدەنی و هەر بوارێکی تر بێت.

**1. رێکەوتننامەی نێودەولّەتی لە بارەی مافە مەدەنی و سیاسیەکانەوە(1966ـ 1976)**

لە سالّی 1966دا ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان رێکەوتننامەی نێودەولّەتی لە بارەی مافە مەدەنی و سیاسیەکانەوە تەبەننا کرد کە ئامادە بۆ ئیمزای لەسەر بکرێت و پەسەند بکرێت و بکەوێتە کارەوە و لە سالّی 1976ەوەکاری پێدەکرێت. ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکانی کۆمیساری بالاّی





ج ـ لێکۆلّینەوەکان ئەوە دەرئەخەن بە جیهان بوون(عەولەمە) کاریگەرێتیەکی زۆر خراپ و وێرانکەری هەیە بۆ سەر ژیانی ژنان، چونکە لێرە جیاوازی چینایەتی و هەژاری فراوانتر دەکات، لەم روانگەیەوە کە هەژاری خراپترین جۆری توندوتیژیەکە بەرامبەر مرۆڤەکان ئەنجام ئەدرێت، ئەمە لەلایەك بە جیهان بوونی سەرمایە دەبێتە هۆی زیاد بوونی توندوتیژی بەرامبەر ژنان. لەلایەکی ترەوە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی رێکخستنەوەی پێکهاتەیی بۆ ئازادی ئابووری ئەبێتە هۆی کەم بوونەوەی هەموو جۆرە خزمەت گوزاری و بیمەیەك. لە ئەنجامی ئەمەدا زیانی لەم نیوەندەدا رووبەرووی ژنان ئەبێتەوە، ئەم مەسەلەیە ئەبێتە هۆی نزم بوونەوەی پێگەو ئاستی ژنان وگرفتار بوونیان بە هەژاریی.

3- هۆکاری کۆمەلاّیەتی[1]: زۆر بوونی گرفتە کۆمەلاّییتەکان و پەرەسەندنی توندوتیژیەکانی کە ئافرەت بەپلەی دوو تەماشا دەکرێت لە کۆمەلگەدا، کە ئەمە کاردانەوەی خراپ و نێگەتیڤی دەبێت لەسەر کەسێتی ژن و دەبێتە هۆی لاوازی و نزمی ئاستی رۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەلّگا، ئەمەش لەچەند رِوویەکەوە خۆی دەبینیّ:

أ- بەرنامەی کۆمەلاّیەتی کە ئاستی ژن کەم دەکاتەوەو ئەوکاتە ژن هەست دەکات بەوەی مرۆڤێکی بیّ نرخە، کەسێکی نەخوازراوە لە

---

(1) سیداو بەندی پێنجەم: هەموارکردنی شێوازە کەلتووری و کۆمەلاّیەتیەکانی رِەفتاری پیاو ون ئافرەت، بۆ وەدەستهێنانی لابردنی پێشێلکاریەکان و نەریتەکان و هەموو براکتیسەکانی تر کە پشت ئەستورن بە ئایدیای هەستی خۆبەکەمزانی و لووتبەرزی لە لای هەردوو رِەگەز یاخود لە یاسا جێگیرەکان بۆ پیاو و ئافرەت.

دەوروبەریدا یان پەراوێز دەکرێت، دەگاتە ئەم ڕادەیە کە ژیان لەلای بێ نرخ و بێ بەهایە.

ب- گۆشە گیری کۆمەڵایەتی: نەبوونی هەڵسوکەوت کردنی و شێوازی ڕەفتاری خێزانی تەندروست، هەست کردنی ( کەسی ) ئافرەت بە کەم خۆزانین، گوێ لە ئافرەت نەگرتن و گرنگی پێنەدانی کە دەبێتە هۆی شێواندن و وون بوونی ناسنامەی کەسێتی ژن، تێك چوونی دەروونی خراپ لە دەروونی کەسێتی ژندا ڕەنگ دەداتەوە.

ج- بوونی جیاوازی نێوان منداڵەکانی نێو خێزان(کوڕ و کچ) ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی ناهاوسنگیەك هەر لە سەرەتای پەروەردە کردن و ڕاهێنانی لە منداڵیەوە بەوەی کە ئەو (کچە) جیاوازە لە ڕەگەزی نێر (براکەی) وە دانانی سنوور بۆ هەموو هەڵسووکەوتوو و جوڵانەوەکانی، بۆ نموونە: زیاتر هەڵەکان بۆ کوڕەکان دەڕەخسێنن و زیاتر گرنگیان پێدەدەن کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی نائارامی و دڵەڕاوکێ لە دەروونیدا.

د- داب و نەریتی دواکەوتووی[1]: فاکتەری کۆمەڵایەتی بە هۆی بوونی داب و نەریتی و کەلتووری سەقەت کە ڕێگرە لەبەردەم هاوسەرگیری لەسەر بنچینەی ڕێز و خۆشەویستی و متمانە کە بەکارێکی تاوان کاری دادەنێت.

(1) **سیداو بەندی شانزە/(پەیوەندیەکانی خێزان و هاوسەر گیری)**: 1ـ هەمان ماف بۆ هاوسەرگیری. 2ـ هەمان ماف بۆ هەڵبژادرنی هاوسەرێك تەنها بەرازی بوونی تەواوو ئازادی خۆیان. 3ـ هەمان ماف و بەرپرسیارێتی دایك و باوك. 4ـ هەمان ماف بۆ بڕیاردان بە ئازادی و لە سەر ژمارەی منداڵ و ماوە لەنێوان هەر منداڵ بۆ منداڵێکی تریان.





ج ـ دروستکردنی (دەزگایەك) بۆ ئەنجامدانی ئامارێکی ورد و ڕاست بەپێی تەمەن بکرێت. (سووتاندن) لە ئاستی جیهان بەپلەی چوارەم دێت بەڵام لە کوردستان بەپلەی یەکەم دێت. چونکە نزیکترین و ئاسانترین ڕێگایە دەتوانن وەکو چەکێکی ئاسان بەکار بهێنن.

دـ دامەزراندنی سەنتەری (چاودێری کاروباری خێزانی)(رعایە شؤون العائلە) بۆ پاراستنی قوربانیەکانی توندو تیژی خێزان ئەمەش بە هەمەهانگی لەگەڵ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی کاروباری ژنان.

هـ ـ کۆکردنەوەی ژنان بۆ بەشداری کردن لە دارشتن و پەسەند کردنی دەستور بۆ ڕێك خستنی بەشداری ئەوان بۆ دەستور، ئەمەش بە چاودێری بەرەو پێشچون و جێبەجێکردنی ئەو یاسا هەنوکە یینانە بکە کە لە بارەی مافەکانی ژنانەوەن لەدارشتنی دەستورەکەداو پشتگیری تێهەڵکێشکردنی عورف و پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بکە لەبارەی یەکسانی ژنانەوە.

10ـ ڕۆڵی حکومەت: ئەمەش بەرای من لە مانەی خوارەوە خۆی دەبینی:

أ- دەوڵەت و دام و دەزگاکانی ئەنجامدەدران کە هەرگیز بواری کارکردنیان فەراهەم نەکرێ بۆ ئەوەی بەشێوەیەك گەشە بکەن کە هاوسەنگی دروست بکا.

هـ- کەمی زانیاری دەربارەی رەوشی ئافرەتانی لادێ[1]: وشیار کردنەوەی ژنان و کۆمەڵەکانیان، بەتایبەتی لە ناوچەی گوندنشینەکان دا، لە بارەی مافە دەستوریەکانەوە و زانیاری پێویست بۆ ژنانی نەتەوەکانی تر وەك: تورکمان، ئاشوورییەکان، عەرەب. ژنانی کورد پێویستە هەر بیر لەخۆیان نەکەنەوە بەڵکو لە ژنانی تریش.

4- نزمی ئاستی رۆشنبیری و نەخوێندەواری، کەمی ئاستی هۆشیاری لاوان یان هەر خوێندەوار نین هەر وەك لە کوردستان ئەمە باوە وەکو کەلتوورێك ئەگەر کەسێك بەتایبەتی ژنان کە تورە دەبن و شتێك بە دڵی ئەوان نەبێت دەڵێن: **(دەچم خۆم دەسووتێنم)** یان وەك زەنگێك سووتان بەکاردەهێنن و تاقی دەکەنەوە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان. بۆ نموونە: لە سەردانەکانم بۆ ئیمرجنسی جۆرێك لە ئەنجامێ بۆم دەرکەوت کە هەندێك لە ژنان وەك زەنگێك و تەمێ کردن بۆ راکێشانی سەرنجی خێزانەکانیان لە دژی هاوسەریان یان دایك و باوك برایان تاقی دەکەنەوەو بەوەی کەمێك ئازار بە جەستەیان بدەن و داواکاری قسەیان بۆ بچێتە سەر. بەڵام لە ناکاو ئاگرەکە زۆر بەخێرایی تەشەنە دەکاو کار لەکار دەترازێ هەموو جەستەی دەگرێتەوە حاڵەتی وام چاوپێکەوتووە لە بەشی سووتانی ژنان لە نەخۆشخانەی (ئیمرجنسی) لە هەولێر.

5- فاکتەری نەخۆشی دەروونی و خەمۆکی:

---

(1) **سیداو بەندی چواردە:(ئافرەتی گوندەکان):** 1ـ داپیانانی رۆلی بەرچاو کە ئافرەت دەیگێڕێ لە ژیانی خێزانەکانیان. 2ـ کارکردن لە کەرتە ئابووریەکانی بە مولکنەکردنی پارە. 3ـ مافی ئافرەتی لادێی بۆ بەشداریکردن بۆ سوود وەرگرتن لە گەشەسەندنی لادێی.





مەیدانی. رێنماییەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە بچێتە ناو(پرۆگرامی خوێندن) لە ئامادەییەکان.

8ـ (بە دامەزراوە) کردنی مەسەلەی ژنان، ئەمەش لە رێگای ئەم سەنتەرە کە هەڵسێت بە دانانی پرۆژەی پێشنیاز کراو بۆ لایەن و سەنتەرەکانی دی کە پەیوەندیدارن بەم مەسەلەیە وە هەیە بۆ نموونە: لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بکرێت کە ئایا چ ئاستەنگێك و تێك چوونێك لە کەلتوور پێویستی بە گۆرانکاری هەیە؟ ئینجا هەڵوەستەی لە سەر بکرێت، بۆ نموونە: دیاردەی گەورە بە گچکە، لە بری خوێن، مارە کردنی کچی منداڵ چەند دیاردەی تریش ئەمانە مەسەلەی کەلتوورین، پێویستە لێکۆڵینەوەی مەیدانی و بە ئامار لەسەر بکرێت. پاشان هۆکارو چارەسەریەکان دیار بکرێت و لەلایەنە پەیوەندیدارەکان وەکو کۆمەڵگاو خێزان دایك و باوك و برا کە لێی بەرپرسیارە.

9ـ کێشە خێزانیەکان بەگشتی و کێشەی ژنان بەتایبەتی چارەسەر کردنیان و دانانی مکانیزمێکی گونجاو ئەرکی هەمووانە. ئەمەش بەکارهێنانی ستراتیژیەکی نەتەوەیی بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێش چوونی پرۆسەی ژنان و ئافرەتان، ئەمەش لە چەند ڕوووێکەوە:

أ- دامەزراندنی لیژنەیەکی نەتەوەیی بۆ بەرەوپێشبردنی ژنانی کوردستان هەر ئەم لیژنەیە پێشوازی لە کاری فیدراسیۆنی گشتی ژنانی هەموو کوردستان بکات.

ب- حکومەت دەبێ پرۆسەیەکی (راوێژکاری گشتی) دابڕێژرێت لەگەڵ ڕێکخراوە حکومیەکانی نا حکومیەکانی ژنان و ئافرەتان، بە نوێنەرایەتی هەموو لایەنێك.

أ- لاوازی ویست وکەسایەتی ژنان و نەبوونی بەرگری دەروونی، ئەمەش کە تێکچوونێك لە مێشك هەیە، بەهۆی بوونی فشاری دەوروبەر لەسەر دەروون و هەست کردن بە فەشەل لە ژیان و دروست بوونی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم ئاوات و داخوازییەکانی تاك و تێك شکانی بەهاکانی کەسایەتی و نەمانی ڕێز و خۆشەویستی و هەست کردن بەکەمی کە ئەمانە هەمووی فشاری دەروونی دروست دەکەن و لە ئەنجامدا مرۆڤ تووشی (خەمۆکی) پەشێوی دەروونی دەکات، کە هەست دەکات هیچ مانایەك بۆ بەردەوام بوونی ژیان نەماوە، لێرەوە لەم خاڵەوە مرۆڤ لە هەستەوە دادەبڕێت، بۆیە بڕیاری ئەوە دەدات لە نەستەوە جەستە لەناو ببات و کۆتایی پێبهێنێت، زۆربەی ئەو کەسانەی کە بڕیاری خۆکوشتن دەدەن تووشی نەخۆشی (خەمۆکی) بوون و ناتوانن لە ژیان بەردەوام بن کە وەك (دکتۆر ڕەوشت)ش ئاماژەی بەم ڕەوشە کرد، بەپێی ئامارێك کە لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهاندا (W.H.O)لە تەواوی جیهاندا (50-60) ملیۆن کەس تووشی خەمۆکی هاتوون لە 80٪ یان بڕیاری خۆکوشتن دەدەن.

ب-تۆژینەوە زانستیەکان سەلماندویەتی هەر ڕێگرێك لە سەر مرۆڤ پیاو بێت یان ژن، ئایا ئەم ڕێگرە لە (بیرو هۆش، دەروون، جەستەیی) بێت دەبێتە ڕێگر لە گەشەی ئاسایی و سروشتی و دەبێتە هۆی پاشخستنی گەشەی (بیروی و دەروونی و جەستەیی). بۆیا فشاری دەروونی هەتا دێت زیاتر دەبێت لێرەوە (خوکوژی) لێدەکەوێتەوە لەرێگای سووتاندنی جەستەی بەم جۆرە ئەم ژنە دەیەوێت بە یەکجاری و بە دڕندەترین شێوە خۆی لە ناو ببات و لەو کێشەو دەردەسەریەدا دەرباز بێت.





5ـ بەرز کردنەوەی ئاستی (ئابوری ژنان)، ئەمەش بەوەی کە حکومەت دەبێ پێوەرەکانی بناسێت بۆ هەڵسەنگاندنی بەشداری ژنان لە بازاری کارکردن و قازانجەکانیان، و دابین کردنی هەڵ و ڕەخساندنی بواری کارکردن.

6ـ بایەخ دانی زیاتر بە خێزان و پەرەپێدانی هۆشیاری خێزانی ئەمە بەشێوەیەکی گشتی و ڕاستەوخۆ لەم خاڵانە خۆی دەبینێتەوە:

أ- ئەرکی سەرشانی حکومەت و قانوونە بەکردنەوەی خول بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك چونکە حکومەت دەبێ هەڵمەتی هۆشیار کردنەوەی خەڵك بگرێتەبەر بۆ گۆڕینی تێڕوانین لە ڕۆڵی ژنان و ئافرەتان.

ب- لە مەڵبەند و سەنتەرەکان خولی (هۆشیارکردنەوەی لە خۆسووتاندن) بکرێتەوە، و لە ڕێگای قوتابخانەکان تا ئەم دیاردەیە کەم بکرێتەوە.

ت- (هۆشیارکردنەوەی خەڵك) لە بەهێزکردنی ئاکار و صیلەی ڕەحم، خۆشەویستی ، ڕێزگرتن و دروستکردنی متمانە بەخودی خۆی تاك، و بونیادنانی بەزەیی و خۆشەویستی لە نێوان ئەندامانی خێزاندا.

7ـ بلاّوکردنەوە و تیشك خستنە سەر ئەو بابەتانەی کە زیاتر توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی تایبەت لە بواری خێزان و ژنان دەگرنەخۆ. بۆ نموونە زانکۆ دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەر ببینێت، بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراندنی سەنتەرێکی (توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کۆمەلاّیەتی دەروونی) و (خۆێندنی ژنان)، بەشێوەی ئەکادیمی بۆ (پیاو و ژن) لە خۆبگرێ، بەلاّم ڕێژەی ژن زیاتر بێت، ئەمە هەڵبەستێت بە دیراسەی

2. ڕێو شوێنی ڕەودا پەیوەست بەڵگە و شایەتی کەجیاکاری تاکەنی لە دژی ژنان. یاساو بەرنامەی گونجاو بۆ پاراستنی و یارمەتیدانی قوربانیەکانی توندو تیژی.

لە بنکەکانی پۆلیس، وە من دەمەوێ لێرە ئاماژە بە شتێك بکەم کە داواکاری گشتی زیاتر سکاڵاکان بجولێنێت، چونکە ئەمانن کە داواکاری گشتی و نوێنەرایەتی مافی گشتین، بۆیا دەبێت بنچینەی ئیشەکەیان ئەوەیە کە زۆر مەلاکان سکاڵاکە بجوولێنن.

4ـ دەرکردنی یاسایەك[1] کە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان ئەوانیش بە کردەوە (بەفیعلی) (مافی جوولانەوەی سکاڵای یاسایی) (تحریکی دعویان) هەبێت لەو حاڵەتەی کە ژنان ڕوو بەڕووی توندوتیژی دبنەوە، تەنانەت کیشەو پەڕاوە کۆنەکانیش هەڵبدرێنەوەو لێکۆڵینەوەیان تێدا بکرێت، تاکو ڕاست و دروستی ئەم مەسەلانە دەربکەوێت وە هاوکاری پۆلیس بکەن و زانیاریەکان کۆبکەنەوە. دەتوانین لەم بوارە وا بکرێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەماهەنگی لەگەڵ داواکاریی گشتی بکەن بۆ بەدوا داچوونی دەربارەی کیس و کێشەکانی توندوتیژی ژنان بکەن.

بەپێی یاسای عیراقی ئافرەت دەتوانێت کرداری یاسای دژ بە هاوسەرەکەی تۆمار بکات، ئەگەر ئاسەواری لێدان[2] لەسەر جەستەی مابێت، یاخود شایدت حاڵ لەسەر لێدانەکە هەبن.

---

(1) **سیداو بەندی پانزدە:** 1ـ ئافرەت و پیاو یەکسانە لەبەردەم یاسا. 2ـ هەمان توانستی یاسایی لە کێشە مەدەنیەکاندا. 3ـ مافی یەکسان بۆ بەدەست هێنانی گرێبەستەکان بۆ بەرێوەبردنی سامان. 4ـیەکسانن لە هەموو قۆناغەکانی هەڵوشوێنی دادگایی کردن.

(2) دستوریبون و مافە یاسای سەرەکی یان وڵاتە و هەیکەلی یاسایی باڵا دەستیش دەبێت کەزامنی مافی هەموو هاوڵاتیان بکات (ژن و پیاو) گرنگیش بۆ گەشە سەندنی دیموکراسیەکی سەقامگیر.

یاسایی توندو تیژی دژی ژنان:

1. سزاو ڕێوشوێنی جەزائی تەواو قەرەبۆی یاسایی بۆ کردەی توندو تیژی دژی ژنان.
2. ڕێو شوێنی ڕەودا پەیوەست بەڵگە و شایەتی کەجیاکاری تاکەنی لە دژی ژنان. یاساو بەرنامەی گونجاو بۆ پاراستنی و یارمەتیدانی قوربانیەکانی توندو تیژی.





6- جیاکاری[1]: هەموو لێکۆڵینەوەکان و تۆژینەوەکان ئەو دەردەخەت کە پشت گوێ خستنێکی مەبەستدار هەیە لە پەیوەندی نێوان ژن و مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەوەش کە هیچ یاساو بڕیارێك هیچ جیاوازیەکان دژی ژن ڕانەگەیاندوە کە مافەکانیان دابین بکا وەك مرۆڤێك، بۆیە ئەبینین کە وتارە ڕەسمیەکان کە پەیوەندییان بە مافی ژنەوە هەیە هەموویان باسی یەکسانی[2]و ڕێزو داد پەروەریی دەکەن، بەڵام ئەم ووتارانە لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینە پێچەوانەن چونکە جیاکاری زۆر دژی ژنان پەیرەو کراوەو دەکرێ و ئەوەی گرنگە سەرنج ڕادکێشی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان[3] و ئەدای خۆی دووپات دەکاتەوە بە مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ[4]، کەرامەت و بەهای

---

(1) **سیداو بەندی دووەم:** 1ـ بەیانەکان ئیدانەی جیاکاری دژی ئافرەت دەکەن بە هەموو فۆرمەکانیەوە و بەردەوام دەبێت لە ڕێگەی هەموو ناوەندە شیاوەکان و بە بێ دواخستنی سیستەمی لابردنی جیاکاری. 2ـ ڕازی بوون بە دەستەبەرکردنی پرەنسیپی یەکسانی پیاو و ئافرەت لە دەستوورە نەتەوەییەکانی خۆیان‌و لە ڕێگەی یاساو ناوەندە شیاوەکانی تر کە دانپیانانێکی کردەیی بۆ ئەو پرەنسیپە مسۆگەر دەکات.

(2) **کاری یەکسانی ڕەگەزی:** 1ـ مەبەستی بەرەو پێشبردنی ڕەوشی ئافرەتە، دنەدانی هەلی یەکسان بۆ پیاو و ئافرەت، پەرەپێدانی یەکسانی ڕەگەزی. 2ـ یەکسانی ڕەگەزی ـ پیاو و ئافرەت دەبێ بە یەکسانی بەشداری بکەن لە هەموو بوارە گشتی و تایبەتیەکانی ژیان و دەبێ هەمان ڕەوشی یەکسانیان هەبێت، هەروەها هەلی یەکسانیان هەبێت بۆ مومارەسە کردنی مافەکانیان و بۆ گەشەپێدانی توانا کەسیەکانیان کە لە ڕێگەیەوە بەشداری بکەن لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی.

(3) " جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ" ڕایگەیاندوە کە هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایك دەبن و یەکسانیشن لە کەرامەت ومافیاندا.

ڕێکەوتنامەی بنەبڕکردنی هەمووشێوەکانی جیاکاری دژی ژنان 1979 لە مافەکانی مرۆڤ تایبەت بەژنان

(4) مافەکانی مرۆڤ: مافەکانی مرۆڤ ئەو مافە و ئازادیە بنەڕەتیانەن کە هەموو مرۆڤێك پێدە بڕێت. ئەو مافانەی مرۆڤ کە بنەڕەتین مافی ژیان و سەربەستی و ئازادی فیکرو ڕادەربڕین و یەکسانی لەبەردەم یاسا لە خۆ دەگرێت و ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، لە وانە مافی کەمینەکان و

مرۆڤ و مافی یەکسانی ژنان و پیاوان. لەرووی نێونەتەوەیەوە ئەوە دەرکەوتوە کە (جیاکاریکردن لە دژی ژنان) بە تایبەتی لە شێوەی توندو تیژدا، لە مەسەلە چارەسەر نەکراوەکان هەرە لێبراوەکانی مافی مرۆڤ و هەموو لایەنەکانی مافی مرۆڤی تەنیوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر رێکەوتننامەکان پەسند کرابێت و سیستەمە یاساییەکانی ولاَتان بەناو پارێزگاری لە ژنان بکەن، بەلاَم رێساکانی سەر بەدابو نەریتەکان و پراکتیە کەلتوریەکان دەتوانن مافەکانی مرۆڤی تایبەت بە ژنان پێشێل بکەن.

7- توندو تیژی نێو خێزان: ئەمە تارادەیك پرسێکی قورسە و زەحمەتە مامڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە مەسەلەی توندوتیژی خێزانی یەکێکە لە ئاڵۆزترین کێشەکانی ژنان، ئەمەش لەبەر ئەوەی کەسی توندوتیژکار لە خۆمانەو، بەگشتی بە خێزانەوە پابەندین دووچاری دژیایەتی دەبێت لەلایەکی ترەوە توندوتیژی خێزانی لەلایەن کۆمەڵگا، کەلتوور، عورف و یاساوە ئاراستە ئەکرێت و ئەمەش بەرای من کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات. لە کوردستاندا ئەمە بەشێوەیەکی گشتی لەبەر بەها مەحافیزکارەکان و ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش نەبوونی پارێزگاری یاسایی بۆ ئافرەتان بۆیە ئەم جۆرە توندوتیژیانە لە پشت پەردەوە دەمینێنەوە وەهەروەها دەسەلاَتیش ئەو حالاَتانەی توندوتیژی بەهەند هەڵناگرێت. بۆ نموونە: ئەو توند و تیژیو ڕەفتارە رەق و نا مرۆڤانەی بەرامبەر ژن دەکرێت کە ژنی بە مرۆڤێکی بێ نرخ تەماشا دەکات کە دەبێتە هۆی نەبوونی بڕوا و متمانە بەخۆی و

ژنان، کە مینانەی هەر دیموکراسیەتێکە. جاری گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها دوانت لە رۆژە لەو ئامراز نێودەوڵەتیانەی کە ئەو مافانەی مرۆڤی دەست نیشان کردووە کە بنەڕەتن و سەرتا پاگرن.





2- دەرکردنی یاسایەك[1] کە( خۆسوتاندنی ژنان ) بە تاوان دابنرێت و، ئەو کەسانەش کە دەبنە هۆکارو پاڵنەر یاسایەك هەبێت لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت. بەم بۆنەیەوە لە یاسایی سزادانیی عێراقی کە هەموار کراوە مادەی 408 بڕگەی (1)کە بە

(7 ساڵ) سزا دەدرێتە ئەو کەسەی کە هاندەر یان یارمەتی دەرو هۆکارە بۆ خۆکوژی. بەلاَم ئەم یاسایە دەبێت کارا بکرێت و پیادە وجێبەجێ بکرێت.

3ـ( داواکاری گشتی) ڕۆڵی خۆی ببینێ و کەیسەکە بجولێنێ، بەوەی داوا تۆمار بکات، وەکاراتربی بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی بکوژەکە بۆ نموونە: لە گەرەکێکدا ژنێك خۆی دەسووتێنێ، ئەبێ داواکاری گشتی لە رێگای خۆیانەوە هەستن بەکۆکردنەوەی زانیاری لەم گەرەکە بیکەن بە(سکالاَ) (دەعوا)، لەلایەکی ترەوە بەپێی ( مادەی 47 لە یاسایی اصولی محاکمات جزئی) هەر کەسێك تاوانێك بکات، یان هەر کەسێك کە زانی تاوان ڕوویداوە ئەتوانێن سکالاَ[2] بجولێنێت بۆ ئەم تاوانە، ئەگەر چ سکالاَشی نەبوو یان ئەگەر زانرا کەوا سوودێکی گومان لێکراو بوە، لێرە دەبێت ئاگاداری دادوەری لێکۆڵینەوە بکات یان داواکاری گشتی یان یەکێك لە بنکەکانی پۆلیس، وە من دەمەوێ لێرە ئاماژە بە شتێك بکەم کە

(1) رێکخراوی ئاگاداری نێودەوڵەتی و ژنانی بەرپاکەری شاشتی بە هاوبەشی 2004 حوکمی یاسا ریزگرتنی یاسا کۆلەگەیەکی سەرەکی تری دیموکراسیە، ئەمە بەمانای ئەوە دەبێت کە هەمان دستورو کۆمەلە یاسایە حوکمی هەموان دەکەن و دەیان پارێزن و هەموو هاولاَتیان یەکسانن. ئەمەش پێویستی بەسیستەمێکی قەزایی سەربەخۆیە کە دادپەروەرانەو شەفافەو رێدەگرێت لەوەی حکومەت دەسەلاَتێکی هەڕەمەکیانە پیادە بکات.

(2) دستوریبون و مافە یاسای سەرەکی یان ولاَتە و هەیکەلی یاسایی بالاَ دەستیش دەبێت کەزامنی مافی هەموو هاولاَتیان بکات (ژن و پیاو) گرنگیش بۆ گەشە سەندنی دیموکراسیەکی سەقامگیر.

## چارەسەریەکان:

بەگشتی نەبوونی ( چارەسەر) وای کردووە کە ژنان تووشی نەخۆشی و قەیرانی دەروونی و روحی بیێ، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هەنگاوێکی جدی و بەکردەوە و بەرپرسیار هەبێت بۆ هەموو لایەك بە ژن و پیاوەوە.

زۆربەی هەرە زۆری قوربانیەکان دەڵێن کە بەئەنقەست نەبووە، ئەمەش لەترسی ئەوەی لەدوای مردنیان خێزانەکانیان تووشی لێپرسینەوە نەبن. دەبێ هەنگاوی چارەسەریش بنێن هەرچەندە چارەسەییەکە لە سەرەتادا ئاستەمەو کێشەو بینەو بەردەی زۆری دەوێت بەڵام هەر چۆنێك بێت ئەمە تەنها لە قۆناغەکانی سەرەتایی دەبێت، پاشان ریرەوی خۆی وەردەگرێت و ئەم کێشەیەش دەخرێتە ناو چوار چێوەی یاسایی مامەڵەی راستی و ئەکادیمی لەگەڵ دەکرێت.

لێرە هەندێك لە چارەسەریەکان دەخەینە ڕوو:-

1- پێویستە هەموو لایەنە بەرپرس و دەزگاکانی راگەیاندن و کۆمەڵە و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان، هەمەهانگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندییەکان وەك وەزارەتی رەوشنبیری، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی وەرزش و لاوان، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ئاوقاف و کاروباری ئاینی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان، کاربکەن بۆ رۆشنبیرکردن و گۆرینی ئەقلی تاکە کەسی کورد بۆ زیاتر ڕێگەگرتن لەم دیاردەیە.





بەرتەوازەو پچڕانی شیرازەی خێزانی، کە وای لێ دەکات خۆرزگار کردنە لە ژیان بەرەو ئەم ئەنجامەی دەباتن، ئەمەش پاش ئەوەی کە هاوسەرەکەی دووبارە ژن هێنانی و نەزانینی و توانای نەبوونی لە بەخێوکردن و چاودێری منداڵەکانی. لێرە پرسیارێك دێتە ئاراوە: **ئایا ئەم خۆسووتاندنی ژنان هاوارێك و پەیامێکە بۆ ئەوەی گوێی لێ بگرن و بە رەوشەکەی بزانن؟**

8ـ هەڵە تێگەیشتنی لە ئاین:

أ- بەهۆی نەبوونی هۆشیاری ئاینی و خۆرزگار کردن لە ئەرك و کێشەکان ئەمەش ئەنجامی لاوازی ئاینەوە، چونکە لە هەموو ئاینەکانی ئاسمانی خۆکوشتن قەدەغەیە، جا بەشێوەی خۆسووتاندن ئەمە (تاوانی گەورەیە). لە ئاینیی ئیسلامدا وەك پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ بە (موبیقات) بە مانای (عاقیبەی شەری مرۆڤ)ی ناونـاوە، ئەمەش دەقی فەرمودەکەیە پێغەمبەر (د. خ) فەرموویەتی "اجتنبوا سبع الموبيقات" دوور بکەونەوە لە حەوت دوارۆژەکەی شەری مرۆڤ **" الشرك بالله والسحر وقتل النفس التي حرم الله الا بالحق و أكل مال اليتم وأكل الرباء وتولي يوم الزحف وقذف المحصنات الخافلات المؤمنات "** لێرە لەم فەرموودەیە لە برگەی سێیەم ئاماژەی بەو کەسە کردووە. لێرە دوو تاوان ئەنجام دەدات یەکێکیان خۆی کوشتووە وەکو ئەوەی کەسێکی کوشت بێت وە دووەمیان خەڵك تووشی گوناه دەکات بەوەی باسی دەکەن هەریەك بەشێوەو جۆرێك. کە هەمان سزای دەبێت لە دۆزەخەدا، لەلایەکی ترەوە ئەو کەسانە لە رەحم و بەزەیی خودا بێ ئومێد و بێ بەشن.

ب- لە ڕێگای ووتاری هەینی مزکەوتەکان: پیاوی کۆمەڵگای ئێمە ووشیار بکرێتەوە لە چۆنیەتی ڕێز گرتن لە مافی ژنان وە ئەم دیاردەیە لە ڕووی ئایینەوە ڕوون بکرێتەوە، ووتارەکان بەئاراستەیەکی پەروەردەی و تەندروست بێ. بۆ نموونە: پیاوانی ئایینی ئەرك و ڕۆڵی پیاو و ژن ڕوون بکەنەوە، کە ئەگەر ئاین ڕێگای داوەکە دەبێت پیاو زاڵ بێت بەسەر ژن، یانیش ئەمە داد پەردەری نیە لە هیچ ئاینێك چ لە ئاینی ئیسلام یان هەر ئاینێکی ئاسمانی ڕێگای نەداوە کە ژن لە ژێر چەپۆك و فیشاری کوشتن و سووتاندن بێت.

ت- هەرئاینێك لە ئاینەکان ناتوانێ دژی یەکسانی و دادوەری بێت لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و دژی تەندروستی و جەستەیی و دەروونی هەر تاکێك بێت چ ژن یان پیاو بێت، لێرە دەتوانیت پەی بەوە ببیت کە تەندروستی و بەهای مرۆڤ (ژن ، پیاو) لە ڕێگای ئاینە، چونکە هەموو ئاینە ئاسمانیەکان دانراو بۆ خۆشی و تەبایی و پێکەوە ژیان، هاوکاری و تەندروستی مرۆڤ.

دیسانەوە لایەنە شارستانیەکەی دەبێت مرۆڤ خۆی لاگەورەو بە بەهاو ڕێزەوە تەماشای خۆی بکاو بە بەزەیەوە مامەلە لەگەڵ خۆی بکا. ئەم ووتە جوانە (ژیان جوانە، چاکە بکە بونەوەر بە جوانی و چاکی دەبینی)

پ- ئەگەر بێت و لە گۆشەیەکی تر تەماشای ئەم مەسەلەیە بکرێت بە هەر پێوانەیەك بێت ئاینی یان شارستانیتی ئەم خۆ کوشتنە بەم شێوەیە (قەدەغەیە) و (ناشایستەیە)یەو بۆ مرۆڤ. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز فەرموویەتی ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ (4) سورە التين کە ئەمە ڕاستیەکە مرۆڤ بەهەرە باشترین و مەزنترین بونەوەر دروست کراوە.





16ـ أ ـ نەبوونی گیانی یەکتر قبولکردن و دایەلۆگ و گیروگرفتی لێك نەگەیشتین لە نێوان ژن و کۆمەڵگاو ژن نەریت و کەلتوور، کە ئەو باوە کە دەڵێت پیاو زاڵ بێت و پیاو قسەی بروا و قسە هەر قسەی ئەو بێت، کە هەر ژن هەلەیەکی کرد دەبێت توندترین سزا بدرێت، ئەمە پێویستی بە ڕوون کردنەوەیەکی بە بەرنامە ڕێژی هەیە. ، لێرە ئەرکی هەموو لایەکە ئەو تێك نەگەیشتنە هەڵەیە نەمێنێ، بەرێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی حکومی ناحکومی کە بچنە هەموو کونج و کەلبەری گوندەکانی کوردستان ئەم هوشیارە بلاوبکەنەوە جەختی لەسەر بکەن کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەوشنبیری و فەرەوان بوونی ئاسۆی مێشکیان بۆ کێشەکانیان ڕەنگیێ پیاو زیاتریش سوودمەند بێت لە ژن بە ئەرکی خۆی هەڵبستێ و مافی خۆشی بپارێزی و بە پێچەوانەشەوە.

ب ـ لێك نەگەیشتن و بێ هێزی پەیوەندی لە نێوان هاولاتی و دەسەلات لە کوردستاندا، بەرای من تاوانەکە زیاترە لەلای دەسەلاتە، چونکە، ئەو بیرۆکەمان نییە کە هاولاتی بەشێك بێت لە دەسەلات، وە تاکو دەسەلاتیش ئەو کون و بەربەستانە نەشکێنێت لە نێوان خۆی و هاولاتی ئەمە ئەستەمە ئەم پەیوەندییە دروست بکات، بەتایبەتیش ئەو ڕۆتینیانەی ناو فەرمانگەو وەزارەتەکان لانەبرێت کە هەموو هاولاتیان بێزار کردوە ئەم پەیوەندییە دروست بکرێت، بۆیەش حکومەتەکەمان لە هاولاتیان دابراوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هاولاتی بڕواو متمانەی بەخۆی نییە لە بەرگری کردن لە خۆی و لە داواکردنی مافی خۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەم دوو بەرەکی و ململانێ و شەڕی ناوخۆ و، رابردووی تالی ڕژێمی بەعس کە بوویتە دروست بوونی دڵە ڕاوکێ و ناخۆشی لە ناو ناخی تاکی کوردەواریدا.

9ـ لاوازی دەسەڵات یان دەسەڵات لێپرسینەوە و بەدواداچوونی نیە، لێرە حکومەت بەرامبەر بە ژنان و منداڵان ( خێزان ) بەرپرسن ئەمەش بەهۆی ئەو بڕیارانەی کە لەسەر کەلتووری گشت و ژیانی تاکە کەس کاریگەرە. لێرە دەسەڵات لە دوو رووەوە خۆی دەنوێنێ، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن کە وەزارەتی ناوخۆ و بەرێوەبەرایەتی پۆلیس لێی بەرپرسیارە، وە دەسەڵاتی دادوەری کە ( یاسا ) دەبێت رۆڵی کاریگەری هەبێت. کاتێکیش کە (سزا) دادنرێت بۆ تاوانبار دەبێت یاسایی بێت تاوەکو سزای خۆی وەربگرێت، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بە راست و دروست هەمەئاهەنگ لە نێوانیان هەبێت، ئەوا دەتوانرێ تاوانبار رووبەرووی دادگا بکرێتەوە سزای یاسایی خۆی وەربگرێ، تاکو ببنە وانەو عیبرەت بۆ ئەو کەسانەی ئەیانەوێت ئەم جۆرە تاوانانە ئەنجام بدەن.

10ـ رێکخراوەکان و کۆمەڵگای مەدەنی:

أ- کەمتەرخەمی هەندێك لە رێکخراوەکانی گەنجان و ژنان و ئافرەتان کەخۆیان لە ئاست ئەم مەسەلانە تا رادەیەك بێ دەنگ کردووە، کارێکی وا کاریگەر پێویستی بە بەرنامەیەکی دارێژراوی درێژ خایەن بۆ ماوەی (پێنج ساڵ )ە کە ئیش لەسەر هۆکارەکان بکات، ئەنجا چارەسەرییکان دەست پێ بکات، وە بەرنامەیەکی کورت خایەن کە ئەمەکاری دەم و دەست و گەرماو گەرم کە لەتاوان و پێشێل و توندوتیژیەکان بکۆڵێتەوە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێت و کەیسەکان زەق بکاتەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکاتەوە لێ پرسیارییەتیان بداتە دەست بۆ کارەکانیان.





دەیسلمێنن، توێژەرەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە نێو توێژی لاواندا چاولێکەری فاکتەرێکی سەرەکیە لە دیاردەی خۆکوژیدا.

12ـ نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون و خانووی گونجاو بەوەی خانووەکان لە شتی یارمەتیدەرن بۆ سووتاندن و بەرگەی هیچ ناگرێت ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە نەبوونی پێداویستی کەرەسەی خانوو.

13ـ هۆکاری تەکنیکی: کە (کاتیە) وەکو بەکارهێنانی پریمز و لالە لە ئەنجامی نەبوونی (کارەبا)، یان سەرەقنینەی کۆنی غاز و سەقەت ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی (سووتەمەنی)، ئەم رەوشەش هەرێمەکەمانی پێوە دەناڵێنێ ئەمەش لە بێ بەرنامەی و لایەنی پەیوەندیدارەکان و لەگەڵ بەبێ گوێنەدانی خەڵکەکە.

14ـ گۆرانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان هیچ ئاسۆیەکی روون و دیاری بۆ گەنجان تێدانیە، لەمەش زیاتر ئاراستە سیاسیەکان کە لە ئەنجامی سیاسیەتی شەرەکان هاتەکایەوە و بوە مایەی لە دەست دانی ئازادی و پێشێل کردنی مافەکان کە عیراقیەکان بەگشتی بەدەستیەوە دەناڵێنن بەڵام ژنانی کوردستان بە شێوەیەکی زیاتر ئازاریان چێشت بە هۆی رۆڵی کۆمەڵایەتی و شەری ناوخۆ وە شەرە یەك لە دوای یەکەکاندا.

15ـ بەرنامە و پرۆگرامی پەروەردە لە بەرامبەر کۆمەڵگا و خێزان بەرپرسە،لێرە بیرۆکەیەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێ: گەشەپێدانی ژن بەشێکە لە گەشە پێدانی کۆمەڵگا بەگشتی. کەواتە لێرە چاو پێداخشانێك بکرێت لە بابەت و پرۆگرامی خوێندن کە توندوتیژی و جیاکاری دروست دەکا.

**ب- کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوی ناحکومی ناوخۆیی (NGO):**

بەشدار بونیان لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە چونکە باشترین دەرفەتە بۆ دڵنیا بوون لەوەی پابەندو هەمەهانگی لەگەڵ کێشەکان و ڕێگا چارەی بۆ بدۆزنەوە لە نێو خشتەی ئەو کێشانەی کەجەختیان لەسەر بکرێت و گفتو گۆو سمیناری بۆ ببەستن بە زانیاری داتای تەواو، ئەوەی پێویستە لەم قۆناغەدا پرۆژەو ڕاپۆرتی تێرو تەسەل و باس کرد لە گیروگرفتەکان بەبەڵگە و پێشنیارە تایبەتەکان بۆ گۆرانکاری پێشکەش بە حکومەت و پەرلەمان بکەن، چونکە ئێستا لە جیهانی ئەمرۆدا دروشمێك باوەو ئیشی پێدەکەن کە (کۆمەڵگەی مەدەنی)یە گرنگە بۆ گەشە سەندنی دیموکراسیەت چونکە گوزارشتە لە دیدی هاولاتیان هەروەها لێپرسراوان بەرپرس دەکات لە بەرامبەر دانیشتوانداو وە چاودێری دەزگا دیموکراتیەکان دەکات. بە ڕای من NGO دەورێکی بالای هەیە لە بەکارهێنانی پەیمانەکان وەك ئامێرێك بۆ بەهێز کردنی ژنان لە ڕێی لێ دوان و چاودێری کردن شێوەی حکومەتانیان بۆ پەیمانە نێودەوڵەتیەکان لێرە ئەوەی پێویستە لەسەر NGO کە سیستەمی ڕاپۆرت[1] دانان تێبگات و بەکاری بهێنێت، چونکە بەهێزکردن و بەجێ هێنان پەیمانەکان لەسەر سیستەمی ڕاپۆرتدان دانراوە، ئەمەش بۆ ڕاگرتنی بەرپرسیاریتی حکومەت لە ناو دەوڵەت و لە نەتەوە یەکگرتوەکان. سەرکەوتنەکان لە لابردنی ئو

(1) **ڕاپۆرت دان:** دەوڵەتی نیو پەیمانەکان(واتە ئەوانە ئیمزایان لەسەر پەیمانەکانی CEDAW کردوە) لەسەریان کە لە ماوەی ساڵێك لە دوای مۆرکردنی پەیمانەکە، ڕاپۆرتێکی سەرەتایی لەسەر پلەو باری ژن پێشکەش بکەن. لە دوای ئەوە پێویستە هەر چوار ساڵ جارێك ڕاپۆرتێك بدەن سەبارەت بەرادەی.





کۆسپانەی دێتە ڕێی یەکسانی بوون لە دوایی پێشکەشکردنی یەکەم ڕاپۆرتەوە.

ئەم ڕاپۆرت و ڕێنماییانە بۆ یارمەتی NGO دارێژراون بۆ بەرهەم هێنان و دارشتنی ڕەشنوسی ڕاپۆرتەکانیان بەمەبەستی بەکارهێنانیان لە هەڵسەنگاندنی هەوڵەکانی حکومەت لەبەدی هێنانی بەندەکانی CEDAW سیداو. ئەمەش وەك یاوەرێکی بۆ کارنامەکانی سکرتاریەتی (iwraw)[1] لەکاتی ڕاپۆرتدانیاندا بە پێی پەیمانەکانی (CEDAW) هەڵسانگاندنی پلەی ژنان لە (iwraw) دەست دەکەوێت

11ـ دیاردەی چاولێکردن ( لاسای کردنەوە ): گابریل تارد، خاوەنی تیۆری لاسایی کردنەوەو چاولێکەری، پێی وایە کە هۆکاری سەرەکی لە خۆکوژیدا دەگەڕێتەوە بۆ لاسایی کردنەوە چاولێکەری کەسەکان، ئەمەش بە بە هێزترین هۆکاردا دانێت لە پشت هەموو هەڵوێست و ڕەفتارێکی تاکەکەسەوە. لێرە نەبوونی هۆشیاری کە دەبێتە هۆی ورووژاندنی خۆکوشتن و خۆسووتاندن. ئەمەش کێ لێی بەرپرسیارە؟ بە ڕای من: دام و دەزگا ڕاگەیاندنەکان و میدیاکان بەرپرسیارن لەمەڕ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان. بۆ نموونە: سەتەلایتەکان بەرپرسن سەبارەت بەو بەرنامە و فیلم و کلیپانەدا کە ڕێگا دەدەن بۆ بلاوکردنەوەیان، کە هەندێك جار شتی وا زەق دەکەنەوە لە جیاتی سوودی زیانی زیاترە، کە کاردەکاتە سەر گەنجی هەرزەکار کە بەخێرایی شتی نائاسایی و ناگونجاو وەردەگرن کاری پێدەکەن بە پراتیك

Internatioal women's Rights Action Watch (IWRAW)
(1) ڕێکخراوی نێونەتەوەییەکان بۆ چاودێری کردنی مافەکانی ژن.